# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا ■ چوارشەممە ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ ـ ٢٤ی فێوریەی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٧٤

www.kurdistanukurd.com


## کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کۆتایی هات

لە ڕۆژانی ١٧-٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤(٦-١١ی فێورییەی ٢٠١٦) دا کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) بەڕێوە چوو. کۆنگرەی شازدەیەم لە ماوەی چوار ڕۆژ کۆبوونەوەی چڕوپڕو باسی زیندوودا، ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی سەرکەوتوانە، جێبەجێ کردو کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا پوختەیەک لە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم کۆنگرەیە بڵاو دەکرێتەوە.

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

# کەلکوەرگرتن لە هەموو بەستێن‌و شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپشت بەستن بە یەکگرتن‌و هاوپێوەندی

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی شازدەیەم

لە ڕۆژانی ١٧-٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤(٦-١١ی فێورییەی ٢٠١٦)دا کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) لە ژێر دروشمی «کەلکوەرگرتن لە هەموو بەستێن‌و شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپشت بەستن بە یەکگرتن‌و هاوپێوەندی» بەڕێوە چوو. کۆنگرەی شازدەیەم لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی‌دا کە نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزب‌و ڕێکخراوەکانی کوردستان، دەیان کەسایەتیی میوان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان‌و پیاوانی خاوەن ڕابردووی نێو ڕیزەکانی حیزب‌و پەیامنێرانی کۆمەڵێک لە ڕاگەیەنەکان تێی‌دا بەشدار بوون، بە وتاری تێکۆشەری لە مێژینە، ڕێزدار فەتاح کاویان، کرایەوە. دواتر سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکەش کردو لە سەر مێژووو ڕۆڵی حیزبی دیموکرات‌و گرنگیی ئەم کۆنگرەیە بۆ بەشداران دوا. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا جگە لە بەرنامەی هونەری کە بە خۆشیی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەم ئامادە کرابوو، کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی کە لە لایەن ڕێکخراو و کەسایەتییە بیانی، ئێرانی و کوردستانییەکانەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون، خوێندرانەوە.

کۆنگرەی شازدەیەم لە ماوەی چوار ڕۆژ کۆبوونەوەو کاری چڕوپڕو باسی زیندوودا، ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی سەرکەوتوانە، جێبەجێ کرد. لە یەکەم دانیشتنی کاریی کۆنگرە دا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی شازدەیەم پێشکەش کراو، دوای ئەوەی بەشداران تێبینی‌و پرسیارەکانی خۆیان لە بارەیەوە خستە ڕووو وڵامی پێویستیان درایەوە، ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

دووهەم بڕگەی کاری بەرزترین ئۆرگانی حیزب، بۆ باس لە سەر ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە تەرخان کرابوو. لە سەرەتای ئەم بەشەی کاری کۆنگرەدا، سکرتێری گشتی بەڕێز خالید عەزیزی هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتەکەو پوختەی چەند باسێکی پێشکەش کرد.

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی دوای ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سێ تەوەری سەرەکی پێک هاتبوو. تەوەری یەکەم کە تەرخان کرابوو بۆ ئێران، تیشکی خستبووە سەر بابەتەکانی بنەماو ناسنامەی دەسەڵات لە ئێران، کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتی‌و ناوچەییدا، پرسی ناوکی، کاریگەریی بارودۆخی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لە بەستێنی سیاسیی‌دا، فەزای سیاسی‌و جووڵەی مەدەنی لە نێوخۆی ئێران‌و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. تەوەری دووهەمی ڕاپۆرتی سیاسی کە تایبەت بوو بە کورد، ڕوانینە بنچینەییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی پرسی کورد بە گشتی‌و پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیی گرتبوە خۆ. لەم چوارچێوەیە دا خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ پێگەی کورد لە ئێران، پێناسەی جوغرافیای خۆرهەڵات، پێوەندیی کوردو تورکی ئازەری، ئایین لە خۆرهەڵاتی کوردستان‌دا، تەوژمی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، فەزای سیاسی‌و جموجۆڵی مەدەنی لە خۆرهەڵات‌دا، خرابوونە ڕوو. هەر لەم تەوەرە دا، باسێکی جیا بۆ پرسی کورد لە باشوور، باکوور وخۆراوای کوردستان تەرخان کرابوو.

تەوەری سێهەم‌و لە ڕاستی دا گرنگترین تەوەری ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی ڕوانین‌و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گرتبووە خۆ کە لە چەند باسی گرنگ پێک هاتبوو. ئامانجی سیاسیی حیزب‌و ئاقاری خەبات‌و شێوەکانی یەکێک لەو باسانە بوو کە پڕژابووە سەر پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری، خەباتی سیاسی‌و مەدەنی لە نێوخۆ، چالاکیی پێشمەرگەو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و دەوڵەتی مەرکەزی، بواری دیپلۆماسیی تێکۆشانی حیزب. باسێک لە باسەکانی ئەم تەوەرەش تەرخان کرابوو بۆ هاوپێوەندی‌و هاوخەباتی لە نێوان حیزبی دیموکرات‌و لایەنە سیاسییەکانی دیکە کە پێک هاتبوولە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لایەنە کوردستانییەکان، کۆنگرەی نەتەوەیی، هاوکاریی نێوان حیزبەکانی خۆرهەڵات‌و سەرئەنجام پێوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حدکا. لە دوایین باسی ئەم تەوەرەشدا، بیلان و دووره دیمەنی خەبات‌و تێکۆشانی داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خرابووە بەر سەرنجی کۆنگرە. ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی دوای چەند کۆبوونەوەو دەوڵەمەند کرانی بە سەرنج‌و ڕەخنەو تێبینییەکانی بەشدارانی کۆنگرە، پەسند کرا. بە هەڵسەنگاندنی بەشدارانی کۆنگرە، ڕوانینی مەبدەئیانە، ڕاشکاوبوون‌و سروشتی ڕەخنەگرانە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بوون‌و بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

کۆنگرە لە ڕۆژی دووهەمی کارەکانی‌دا، چووە سەر پێداچوونەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ. لە دەسپێکی ئەم بڕگەیەی کاری کۆنگرەدا، گرووپی ڕاسپێردراوی کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ چاوخشاندەوە بە بەرنامە و پێڕەو، ڕوونکردنەوەی پێویستی لە بارەی شێوازی کاری خۆیان‌و ئالوگۆڕەکانی نێو بەرنامەو پێڕەو، پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرە کرد. لە ماوەی چەند دانیشتنی ڕۆژانی دووهەم‌و سێهەمی کاری کۆنگرە، بەشداران لە ڕەوتی باس‌و بەشدارییەکی چالاکانەو زیندوو لە سەر فەسڵ بە فەسڵی بەرنامە وپێڕەوی نێوخۆی حیزب، ئاڵوگۆڕی پێویستیان تێدا ئەنجام داو پەسندیان کرد.

درێژە ل٢

یەکیەتی ئارەزوومەندانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیی فیدراڵە

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان

## خالید عەزیزی:

# حیزبی دێموکڕات حیزبی دوێنێ، حیزبی ئەمڕۆو حیزبی سبەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک کۆتایی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦ی خۆی ڕاگەیاند.

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، "کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان" بە دروشمی "کەلکوەرگرتن لە هەموو بەستێنو شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپشت بەستن بە یەکگرتنو هاوپێوەندی" ڕۆژی شەممە، ١٧ی ڕێبەندان دەستی بە کارەکانی کردو، شەوی چوارشەممە، ٢١ ی ڕێبەندان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرەشدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا سڵاوی بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی، تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، چالاکانی سیاسیو مەدەنیو؛ بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی بەتایبەتی ناردو، ڕوو بە بنەماڵەی شەهیدان گوتی پەیامی ئێوە بۆ یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتو لە کۆنگرەدا بوو بەباسو کۆنگرەی ١٦، ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی ڕاسپاردوە کە وەک جاران بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر لەو پێناوەدا تێبکۆشێ؛ ڕوو بە زیندانیانی سیاسیش گوتی: ئێمە ئێوەمان لەبیر بوو، ئێوە لە زیندانو ئێمە لە کۆنگرەو هەر دوو ئەو مەیدانە تەواوکەری ئەو خەباتەن کە بە هەموومانەوە بەڕێوەی دەبەین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە گرتنی ١٦ کۆنگرە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ڕوو بە خەڵکی کوردستان گوتی: کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕات زۆر بڕیار و ئەرکی بۆ سەرخستنی خەبات دەستنیشان کردوەو هەمووانی لە پێناودا ئەرکدار کردوە، بەڵام ئەوە هەر بە ئێمە جێبەجێ نابێ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات حیزبی خەڵکی کوردستانەو هەر بە جەماوەری کوردستانیشە دەتوانێ ئەرکو بەرنامەکانی بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە بباتە پێشێ کە لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمە بەجێ ماوە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە دروشمێکی کۆنگرە، واتە؛ " حیزبی دێموکرات حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و حیزبی سبەی خەڵکی کوردستان" کردو لەو پێوەندییەدا گوتی: ئێمە بە داهاتووی حیزبەکەمان، بە داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشبینین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێداگری لەسەر ڕۆڵی لاوانو خوێندکاران لە بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران باسی لە فرەڕەهەندیی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کردو تەئکیدی ئێمە لە سەر سیاسەتی ئەو ماوەیەمان ئی ئەوە نییە کە هیچ گومانو دوودڵییەکمان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامی هەبێ، ئێمە ئەزموونی ٣٧ ساڵ هەڵسوکەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیمان هەیە، ئێمە لە زۆر بواردا ئەو حکومەتەمان تاقی کردۆتەوە؛ بۆیە ئێمە هەموو لایەنەکانی خەبات دەگرینە بەر بۆیەوەی مەیدانی خەباتی خۆمان لە دژی ئەو ڕێژیمە بەرینتر بکەینەوەو بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەوڕووی بینەوە.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا گوتی پرۆژەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە کە لە کوردستان خەڵک لە بەرامبەر وێژمانو سیاسەتی حیزبەکەیان، واتە حیزبی دێموکڕات بێ تەفاوت ڕابگرێو هەروەها لە گەمەی ناوچەییدا جۆرێک بجووڵێتەوە پرسی کورد لە ئێران لە پەراوێز بخا؛ ئێمە نابێ ڕێگە بەوە بدەین و ئەوە ئێمەین کە دەبێ کە بابەتەکانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنینە گۆڕێ.

کۆنگرەی ئێمەش بە بایەخدان بەو بابەتانە کۆمەڵە بڕیارو ڕاسپاردەی دەستنیشان کردوە تا بە هاوکاریی هەموومان بەڕێوەی ببەین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە بابەتی "ڕاپرسی"ی لە کوردستانی ئێرانو هاتنە بەرباسی ئەو بابەتە لە کۆنگرەشدا کردو گوتی: ئێمە ئارەزوومان دەکرد حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک حیزبێکی قانوونی لە ئێرانێکی ئازادو دێموکڕاتیکدا بە ئاشکرا تێکۆشانمان هەبا و لە دروستکردنەوەی ئێران و کوردستاندا دەوری خۆمان گێڕابا، هەروەها ئارەزوومان دەکرد ئەو حیزبە کە بۆ ئیدارەی وڵات دروست بووە، ڕێبەریی ئەو ئیدارەو بەڕێوەبەرییەی لە کوردستان کردبا؛ ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە بە ئاشکرا لە کوردستان حزوورمان نییە، بەڵام گوتارو قسەو سیاسەتی ئێمە لە نێو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا لایەنگری هەیەو خەڵکی کوردستان خۆی تێدا دەبیننەوە. بیرۆکەی ڕێفڕاندۆمیش بەو مانایە نییە کە ئێستا بە کردەوە جێبەجێی بکەین، بەڵام ئەو بیرۆکەیە پاشخانێکی دەوڵەمەندی هەیە کە ٧٠ ساڵ تێکۆشان بۆ خەباتی نەتەوەیی و تاقیکردنەوەی هەمو شێوازەکانی خەباتە.

جا بۆیە مادام کۆماری ئیسلامی ئێستاش حاشا لە پرسی کورد دەکا، ئیدارەی کوردستان بە خەڵکی خۆی ناسپێرێ، سیاسەتی سەرکوتو زەبرو زەنگی گرتۆتە بەر، لە کوردستان بەشێکی خەڵک بە هۆی نەتەوەیی وەڵا دەنێ، بەشێکی بەهۆی دینیو بەشێکی هەم بەهۆی دینیو هەم بە هۆی نەتەوەیی پەراوێز دەخا، ئەوە مافی خۆمانە کە لە نیو خۆی وڵاتدا، لە نێو کۆڕو کۆمەڵەکاندا، بە نووسین و لە مێدیادا بڵێین کە مادام هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهیشتووینەتەوە جیا لەوەی باسی ڕێفراندۆم بێنینە گۆڕێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بە پرسی دێموکڕاتەکان کردو گوتی کۆنگرەی ١٦ی حیزب بە گرینگیی زۆرەوە سەرنجی داوەتە داوای کۆمەڵانی خەڵک بۆ یەکگرتنەوەو هەر لەو پێوەندییەشدا کۆمیتەی ناوندیی ڕاسپاردوە کە لەوە بەدوایەش تێبکۆشی لە بەر ڕووناکایی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات پرسی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات بباتە پێشێ.

کاک خالید عەزیزی گوتی بۆ ئێمە ئەوە گرینگە کە لە حیزبێکدا بەیەکەوە کار بکەین کە ئەو حیزبە حیزبی هەموومان بێ، هەمومان هەست بەوە بکەین کە ئەندامی حیزبێکین کە بەبێ فەرقو جیاوازی هەست بە ئەمنیەتی سیاسی، حقوقیو فەردی بکەینو کاتێک دەتوانین ئەو پرۆسەیە سەربخەین کە لە هەر دوولای دێموکرات بەو چەشنە بیر بکەینەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا ئاشق شێعرێکی بەسۆزی بۆ بەشداران خوێندەوەو هونەرمەند ئاوات بۆکانی مەقامێکی پێشکێش بە بەشداران کرد. پێشکێشکردنی چەپکەگوڵی یەکیەتیی ژنان لەلایەن سۆیلا قادری، سکرتێری ئەو ریکخراوەیەو؛ چەپکە گوڵی بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن سەیدزادە هەدیە حوسێنی؛ خوێندنەوەی شێعر لەلایەن ئەحمەد قادریو سەردار زەنگەنە، دوو شاعیری خاوەن هەستی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەریی کۆنگرەی ١٦ی حیزبەوە خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر کۆمەڵێک هاوڕێیانی حیزبیدا دابەش کرا کە لە سەرخستنی کاروباری کۆنگرەدا ئەرکیان وەئەستۆ گرتبوو.

جێژنی کۆتایی کۆنگرەی ١٦ بە شاییو شادیی بەشدارانو دەنگی خۆشو گۆرانییەکانی ئاوات بۆکانی تا کاتی دیاریکراوی خۆی درێژەی پێدرا.



درێژەی

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی شازدەیەم

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، لە ڕۆژی سێهەمی کاری خۆیدا، هەر وەها گوێی بۆ ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، هەلبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەم ڕاگرت. لەم پێوەندییە دا هەم ئەندامانی کۆمیسیۆنی ناوبراو، هەم بەشدارانی کۆنگرە، کۆمەڵێک سەرنجیان لە سەر پێویستیی گرنگیدانی ئۆرگانە حیزبییەکان بە ڕەچاوکردنی پێڕەوی نێوخۆو هەر وەها بایەخدان بە ڕاسپاردەو تێبینییەکانی ئەم کۆمیسیۆنە هێنایە بەر باسو ڕێبەریی داهاتووی حیزبیان بۆ لە بەرچاوگرتنو جێبەجێکردنیان، ئەرکدار کرد. لە درێژەی ئەو بەشەی کاری کۆنگرە دا، ئەندامانی کۆنگرە دەنگی متمانەیان بە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە دایەوەو هەتا کۆنگرەی داهاتوو، ئەرکی پاریزگاری لە پێڕەوی نێوخۆیان پێ سپاردنەوە.

کۆنگرەی شازدەیەم، ماوەو دەرفەتێکی باشیشی دا بە هێنانە بەرباسی خالە بەهێزو لاوازەکانی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکانداو پێشنیارکردنی ڕێکاری بە سوود بۆ باشکردنو زیاتر بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبی. ئەندامانی کۆنگرە زۆر بە ڕاشکاوی لە سەر کەموکووڕیو لاوازییەکانی چالاکیو تێکۆشانی حیزب، هەر وەها لە سەر دەسکەوتەکانو خالە بەهێزەکانی کاروباری پێشمەرگایەتیو هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، تێکۆشانو ڕۆڵی حیزب لە بەستێنی پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی، جێگەو پێگەی ژنان لە تێکۆشانی حیزبیو بەڕێوەبەریی دامەزراوەکانی حیزب، کاروباری حیزب لە بوارەکانی ڕێکخستن، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، ڕاگەیاندن، داراییو ماڵی، ڕێکخراوە سینفییەکان، پەروەردەو فێرکردنو هتددا، قسەیان کرد.

کۆمیسیۆنی بڕیارەکانی کۆنگرە، لە ژێر ڕووناکایی باسەکانی ئەم بڕگەیەو بڕگەکانی دیکەی کاری کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، بڕیارنامەیەکی لە چەندین خاڵ دا گەڵاڵەو ئامادە کردبوو کە لە ڕۆژی چوارەمی کاری کۆنگرە دا، خرایە بەر نەزەرو دەنگی بەشداران. کارکردن لە سەر ڕێکاری ڕێفراندۆم وەک یەکێک لە ڕێکارەکانی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، لێکدابرانەکانو جێگەیان لە مێژووی حیزبدا، پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، چالاککردنی خەباتو تێکۆشان لە نیوخۆو دەرەوەی وڵاتو لە هەموو بەستێنەکاندا، بەهێزکردنی گوتاری نەتەوەییو گیانی یەکگرتنو هاوپێوەندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆمەڵێک پرسو بابەتی گرنگی دیکە، لە چوارچێوەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەیەم دا، نەزەرو دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرگیراو جێبەجێکردن و کارپێکردنیان خرایە سەر شانی ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم.

پرسی هەڵبژاردنی ڕێبەریو سکرتێری داهاتووی حیزب، یەکێکی دیکە لەو ئەرکە گرنگانە بوو کە کۆنگرەی شازدەیەم بە وردیو بە بایەخپێدانەوە هێنانیە بەر باسو بڕیاری پێویستی لە سەر دان. کۆنگرە داوای زۆربەی کۆنفرانسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی شازدەیەمی بۆ بەردەوامیی هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی لە پۆستی سکرتێری دا، خستە بەر باسی ئەندامانو بەشدارانی خۆی. کۆنگرەی شازدەیەم دەنگی متمانەی دایەوە بە ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەمومانەوەی بەڕێز خالیدی عەزیزی لە پۆستی سکرتیریداو، ئەرکی ڕێبەریکردنو بەڕێوەبردنی حیزب هەتا کۆنگرەیەکی دیکەی پێ سپاردنەوە.

لە ڕۆژی چوارەمی کۆنگرەدا، هەروەها کۆمەڵێک لەو پەیامانە خوێندرانەوە کە بە نوێنەرایەتیی کۆنگرەو لە لایەن کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەوە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان، ئامادە کرابوونو دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرگیرا. شایانی وەبیرهێنانەوەیە لە ماوەی چوار ڕۆژ کاری کۆنگرەدا، دەیان پەیام کە ڕێکخراوو کەسایەتییە بیانی، ئێرانیو کوردستانییەکان بە مەبەستی پیرۆزباییو بە نیشانەی هاوپیوەندیو هاوخەباتی بۆ ئەم کۆنگرەیان ناردبوون، خوێندرانەوەو بوونە جێگای سەرنجو پێشوازیی بەشدارانی کۆنگرە.

بەم جۆرە، کۆنگرەی شازدەیەم (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان)، پاش چوارڕۆژ کارو کۆبوونەوەو باسکردنو بیروڕاگۆڕینەوەو جیبەجێکردنی هەموو ئەرکە دیاریکراوەکانی، بە دوای پەسندکردنی چەندین بەڵگەنامەی گرنگو دانی کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێنوێنی، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. هەر بەم بۆنەیەشەوە پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە٢٢ی ڕێبەندان لە ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی، ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی کۆنگرە، بەڕێوەچوو. لەم ڕێوڕەسمە دا هاوڕێی تێکۆشەر خالید عەزیزی،سکرتێری گشتیی حیزب، وتارێکی لە بارەی پەسندکراوەکانو پەیامو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شازدەیەمو ئەرکی لەمەودوای تێکۆشەران، ئەندامانو سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات پێشکەش کردو هەموانی بۆ خەباتو تێکۆشانی یەکگرتووانەو شێلگیرانە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەو ئەرکو ئامانجانە ڕاسپارد کە حێزبی دیموکراتی کوردستان، ٧٠ ساڵە لە پێناویان دا قوربانی دەدا. لەو ڕێوڕەسمە دا هەر وەها ئەو بەشە لە هاوڕێیانی حیزب کە لە ماوەی پێکهاتنو بەردەوامبوونی کۆنگرەدا زۆرترین ئەرکیان کەوتبووە سەرشان، ڕێزیان لێ گیرا.

پێویستە بگوترێ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم، ڕۆژی شەممە ٢٤ی ڕێبەندان بە بەشداریی ئەندامانی ئەسلیو جێگری ئەم کۆمیتەیە، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا. ئەم کۆبوونەوەیە، هەڵسەنگاندنی کاروباری کۆنگرەی شازدەیەم، دیاریکردنی گرنگترین کارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دوای کۆنگرەو باسێک لە هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەممەی داهاتووی ئێرانی خستبووە دەستووری کاری خۆیەوە. لە سەرهەر کام لەو بابەتانە، باسی تیرو تەسەل کراو بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە درا.

پەسندکراوو بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکۆشانی داهاتوومان‌دا دەبێ، بە زوویی دەخرێنە بەرچاوی هۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەم، پیرۆزبایی گەرمی خۆی پێشکەشی هەموو تێکۆشەران، ئەندامانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب دەکا. سوپاسی زۆریشمان بۆ ئەو پشتیوانیو هاوپێوەندییە کە خەڵکی کوردستانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب، لە دەوروبەری کۆنگرەو لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا، لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان پیشانیان دا. هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەین کە دڵگەرم بەو پشتیوانیو هاوپێوەندییە جێگای شانازییەو بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە پەسندکراوەکانو بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان، شێلگیرتر لە پێشووو، بە هێزو تینوگوڕێکی زیاترەوە، بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لە مێژینەکان هەنگاو دەنێین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم**
**٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٤**
**١٥ی فێورییەی ٢٠١٦**

# هەڵوێستمان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ڕەشەمەی داهاتووی ئێران

ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەی داهاتوو، دەیەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیو پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕەهبەری، لە ئێران بەڕێوە دەچێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوودا، لە زمانی سکرتێری گشتیو بەرپرسانییەوە، ڕوانینو بۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی هەڵبژاردن لە ئێرانداو ئەرکی خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕوونەوە لە گەڵ هەڵبژاردنەکاندا ڕاگەیاندوە. ئێستاش کە قۆناغی بڕیاردانی دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر سەلاحیەتی پاڵێوراوانی ئەو دوو هەڵبژاردنە کۆتایی پێ هاتوە، بە پێویستی دەزانین هەڵوێستی یەکجارەکیی ئەم حیزبە لە سەر ئەم هەڵبژاردنانە، بە شێوەی خوارەوە، بە ئاگاداریی خەڵکەمانو بیروڕای گشتیی بگەیەنین:

– لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، پرۆسەی هەڵبژاردن هەر لە دەسپێکەوە تا ئەنجامەکانی بە هۆی ئەو مەرجو میکانیزمانەی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بە سەریدا زاڵ کردووە هەم لە نێوەڕۆکی دیموکراتیکی خۆی بە تاڵ کراوە، هەم ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەر جۆرێکو هەر چییەک بێ، کاریگەرییەکانی لە ڕێگای بەربەستو بڕیاری دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان، دەگەیەنرێتە لانیکەمی خۆی. بەم جۆرە دەنگدەرانو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوان لە باشترینو ڕێگەپێدراوترین هەلومەرجیشدا، لە ئاستێکی زۆربەرتەسکو سنووردراردا دەتوانن لە سەر دانانو پێداچوونەوەی قانوونەکانی وڵاتو جۆری ڕێبەریو بەڕێوەبەریی سیستەمی سیاسیی وڵات، ڕۆڵیان هەبێ.

– سەرەڕای ئازادنەبوونی هەڵبژاردنوهەموو ئەو بەربەستو کەموکوڕییانەی لە وڵاتی ئێران لە سەر ڕێی هەڵبژاردنی ئازاد هەن، خەڵکی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جار هەوڵیان داوە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان بە دەسەڵاتداران بە کار بێنن. هێندێک جار بە پێشوازی نەکردن لە هەڵبژاردنو خۆبوارن لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگ، جاری واش بووە بە دەنگدان بەو پاڵێوراوانەی کە لە خۆیان بە نزیکتریان زانیون، یا پێیان وابووە کەمتر سەر بە دامەزراوە بڕیاربەدەستەکانی کۆماری ئیسلامیین. بێجگە لەمەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند هەڵبژاردنی ئەم ساڵانەی دواییدا، کەشوهەوای سیاسیی سەروبەندی هەڵبژاردنیان بە شێوەیەکی وریایانە بۆ خستنەڕووی بندەستیو بێمافی نەتەوەی کورد لە ئێرانو سیاسەتی سەرکوتکەرانەو پڕلە هەڵاواردنی دەسەڵاتداران، قۆستووەتەوە.

– کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لە گوشاروگەمارووەسیاسیوئابوورییەنێودەوڵەتییەکان ملی بۆ هاتنەسەرکاری سەرکۆمارێک بە گوتارێکی تا ڕادەیەک جیاوازلەوانی پێشووو پاشەکشە لە سیاسەتو هەڵوێستە دەرەکییەکانی ڕابردووی خۆی ڕاکێشا. چاوەڕوان دەکرا لە ئاستی نێوخۆییو بۆ کەمکردنەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە بواری سیاسیو ئابوورییشدا مل بۆ جۆرێک کرانەوە بداو تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕێگا بۆ بەشداریی ڕیفۆرمخوازانو دەنگی جیاوازی دیکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بکاتەوە. بەڵام وەک لە ڕەوتی پێداچوونەوەی کاندیداکانی ئەم دەورەیەی هەڵبژاردن دا دیتمان لە ئاستی ئێراندا، شانسێکی ئەوتۆی بۆ چوونی ڕیفۆرمخوازانو کەسانی سەربەخۆ لە قوڵەکانی نێودەسەڵات بۆ نێو هەر دوو مەجلیس نەهێشتووەتەوە، لەپارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، سەلاحیەتی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کاندیدایانەی ڕەت کردووەتەوە کە لە ڕووی پێگەو کارنامەی سیاسی، ناسراوو جێگای پشتیوانیی خەڵک بوونو چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ دەکرا هەڵگری ویستو داخوازە جیدییەکانی خەڵک بن. دەزگاو دامەزراوە سەرکوتکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەوەندەشەوە نەوێستاونو هەر چی لە ڕۆژی دەنگدان نزیکتر دەبنەوە، پتر چالاکانی سیاسیو مەدەنی بە تایبەتی ئەو کەسانەی هەوڵیان داوە دەرفەتی بەرتەسکی هەڵبژاردن لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوەو بە قازانجی هەڵبژێرانی کەسانی سەر بە خەڵک بقۆزنەوە، بەرەوڕووی گوشاروهەڕەشەو ڕاوەدوونان بکەنەوە.

بە سەرنجدان بە هەمووی ئەو ڕاستییانە:

١- حیزبی دیموکراتی کوردستان سپاسو پێزانینی خۆی بە چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆو خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنێ، چونکە سەرەڕای هەموو بەربەستو ئاستەنگەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا کەشوهەوای سیاسیی پێش هەڵبژاردنیان بۆ هێنانەبەرباسی کێشەکانی گەلی کورد لە ئێران، خستنەڕووی ستەمو هەڵاواردنی دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر بەو گەلە، لەقاودانی گەندەڵیوهاودەستیی ژمارەیەک لە نوێنەرانی دەورەکانی پێشووی مەجلیس لە گەڵ دەزگا سەرکوتکەرەکانو گرنگترین چاوەڕوانییە کانی خۆیان لە پاڵێوراوان، قۆستەوە.

٢- دەنگدان یا بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، هەر دوویان مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکن. ئەگەر لە حەوزەیەکی هەڵبژاردن کە هیچ کاندیدایەکی دڵخوازو هەڵگری داخوازەکانی خەڵکی لێ نییە، بایکۆتی سندووقەکانی دەنگ بە هەڵوێستێکی سیاسیی شیاوو دژبە کۆماری ئیسلامی دەژمێردرێ، لە حەوزەیەکیش کە کاندیدایەکی بەستراوە بەخەڵک، خۆشناو، بوێر، خاوەن پێشینەو کارنامەی خاوێن لە گەڵ مۆرەیەک یا چەند مۆرەی گەندەڵو هاودەستی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکان لە ململانێ دان، دەنگدان بە قازانجی کاندیدا باشەکە، دەتوانێ گونجاوترینو کاریگەرترین هەڵوێست بێ. لەو شارو ناوچانەش کە لە ڕووی دیموگرافییەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو، کورد لە گەڵ نەتەوەی دیکە پێکەوە دەژین، زۆر پێویستە دەنگدەرانی کورد دوور بڕوانن، زۆرترین هاوکاری، یەکگرتوییو هاودەنگییان هەبێ بۆ ئەوەی پشتی کاندیدای شیاوی کورد بگرنو بەم جۆرە سەنگو قورسایی خۆیان لە هەر ڕوویەکەوە بسەلمێنن. چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە خەڵک لە هەر دوو حالەتدا لە گەڵ چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆ پرسو ڕاوێژو هاوفکری بکەن بۆ ئەوەی کەسانی هەلپەرست، نەتوانن دۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن.

٣- ئاکامی هەڵبژاردن لە کوردستان هەر چۆنێک بێو هەر کەسانێک ، بە دەنگ یا بە ناوی خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بچنە مەجلیس، خەڵک دەبێ ببن بە هێزی گوشار لە سەریانو جێبەجێکردنی داخوازەکانو دابینکردنی مافەکانی خۆیانیان لێ بوێن. گوشاری خەڵکی کوردستان بۆ سەرناوەندەکانی یاسادانانو دامەزراوەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیو هەوڵدانیان بۆ هێنانە گۆڕی داواکانیان، پێویستە لە دوای هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێکخراوترو یەکگرتووانەتر درێژەی هەبێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٤**
**١٩ی فێوریەی ٢٠١٦**

# پەیامی خالید عەزیزی بۆ دەفتەری سیاسیی حدکا



**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**وێڕای سڵاوی هاوڕێیانە!**

پەیامەکەتان بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەبوانی کۆنگرە و سەرجەم خوازیارانی یەکبوون و یەکگرتنی ناو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت دڵسۆزان و خەمخۆرانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی خۆشحاڵ کرد.

لەم هەلومەرجەدا کە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە، کورد زیاتر لە هەر کات پێویستیی بە ڕێکخستنی هێزی خۆیەتی، لە دۆخێکدا کە کوردستانی ئێران لە لایەن زیاتر لە یەک لایەنەوە کەوتۆتە بەر تەوژمی پشتگوێ خستن، ئەرکی ئێمەیە کە نەهێڵین لە پەڕاوێز بخرێ و پێویستە یارمەتی بکەین کە لە سەر هێڵی دروستی سەرکەوتن، بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەنگاو بنێ. بە داخەوە ناکۆکی و لەتبوون و ناتەباییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێک کە ٧٠ ساڵە باری قورسی خەبات لە پێناو گەیشتنی گەلی کورد بە ماف و ئازادیەکانی هەڵگرتوە، زیانی زۆری بە بەرژەوەندیەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان گەیاندوە. وەک لە پەیامی ئێوەشدا هاتوە، دوژمنانی کوردو لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاترین قازانجی لەم ناکۆکی و لەتبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات چنیوەتەوە.

بە سەرنجدان بەو ڕاستیانەیە کە گوتاری یەکگرتنخوازی، هەردەم گوتاری بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو کۆنگرەکانی خۆیدا و دوا جار لە کۆنگرەی ١٦ش دا جەختی لە سەر پێویستیی یەکگرتنەوەی حیزب کردەوە. یەکگرتنەوەیەک کە هەموو لایەکمان هەست بە براوەیی بکەین و لە دوارۆژی یەکگرتنەوەشدا هەموومان حیزبەکە بە هی خۆمان و خۆمان بە خاوەنی ئەم حیزبە بزانین.

لەو ڕاستایە دایە کە ئێمە پەیامەکەی ئێوە بە پەیامێکی ئەرێنی دەبینین. پێشمان وایە یارمەتی بە لێک نیزیک بوونەوەی زیاتری دوو لایەن دەکا. کۆنگرەش ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٦ی ڕاسپاردەوە هەوڵی خۆی بۆ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات درێژە پێ بدا. وەک چۆن لە پەیامەکەی ئێوەشدا هاتووە، هیوا دەخوازین بە یەکەوە بۆ سەر لە نوێ بە دەستهێنانەوەی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە جاران هاوکار و هاوهەنگاو بین.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب



لە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا، کاک خالید عەزیزی تیشکی خستەسەر باسو ئاکامو بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢ ی ڕەشەممە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات باسی لە دەسکەوتەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبو ڕێنوێنیو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی بۆ کارو تێکۆشانی ئەندامانی حیزب کرد.

کاک خالید عەزیزی لە قسەکانیدا باسی لە گرینگیپێدانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبو میدیاکانی باشووری کوردستان بە کۆنگرەی ١٦ی حیزبی کردو تیشکی خستە سەر ئەو پەیامو ڕاسپاردانەی کۆنگرە بەرەوڕووی خەڵک بە گشتی، چالاکانی سیاسیو مەدەنی، حیزبە سیاسییەکانو هەروەها ئەندامانی حیزب بڵاوی کردوونەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا بە کورتی باسێکی لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ کرد کە تیشکی خستبووە سەر بابەتەکانی بنەماو ناسنامەی دەسەڵات لە ئێران، کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا، پرسی ناوکی، کاریگەریی بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە بەستێنی سیاسییدا، فەزای سیاسیو جووڵەی مەدەنی لە نێوخۆی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

کاک خالید تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی ١٦دا ڕوانینە بنچینەییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی پرسی کورد بە گشتیو پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیی باس کراوەو لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ پێگەی کورد لە ئێران، پێوەندیی کوردو تورکی ئازەری، باسی ئایین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەوژمی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی، فەزای سیاسیو جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کراوە. هەروەها لە

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیدا ئامانجی سیاسیی حیزبو ئاقاری خەباتو شێوەکانی یەکێک لەو باسانە بووە کە زۆر بە وردی قسەی لێکراوەو گرینگیی پێدراوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا چەند بابەتێکی نێوخۆی تەشکیلاتی باس کردو دواتر کۆمەڵێک لە بەشداران سەرنجو تێبینیی خۆیان لەسەر باسەکەی سکرتێر هێنایە بەر باس.

# ڕاپۆرتێك لەسەر کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



لە یەکەم ڕۆژی کاریی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ بۆ کۆنگرەی ١٦ پەسەندکرا.

لە دانیشتنەکانی یەکەم ڕۆژی کاری کۆنگرەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی ڕێبەندان دەستی پێکرد، سەرەتا ڕاپۆرتی کاری کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٦ لە لایەن مەنسوور مروەتی، ئەندامی ئەو کۆمیتەیە خوێندرایەوە. ئەو ڕاپۆرتە تیشکی خستبووە سەر چۆنیەتیی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیو پەسەندکرانی لە پلینۆم، هەروەها چۆنیەتیی ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامەو پێڕەو لەگەڵ چۆنیەتیی گرتنی کۆنفڕانسەکانی کۆمیتەکانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا کاک خالید عەزیزی پوختەیەک لە ڕاپۆرتەکەی پێشکێش بە بەشداربووانی کۆنگرەکە کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بە مێژووی ٧٠ ساڵ تێکۆشانی حیزبو ناودێرکردنی کۆنگرەی ١٦ بە کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان گوتی: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حیزبی دوێنێ، حیزبی ئەمڕۆ و حیزبی سبەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو سەرەڕای زۆر کارەسات کە بە سەری هاتوە، حیزبی دێموکڕات ئێستاش خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەو ئەوە نیشانەی دروستیی سیاسەتو مەنتیقی ئەو حیزبەو گوتاری حیزبە.

پێناسەی ئێرانو سیاسەتی ڕێژیمە ناوەندگەران بۆ پەراوێزخستنی کورد لە دەسەڵات، سیاسەتو خوێندنەوەی حیزب بۆ کێشەو قەیرانەکانی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییو جیهانییەکان، چۆنیەتیی خۆدیتنەوەی حیزب لەو دوو جەمسەرییەی ئێستای ناوچەکە، باسێک لە بۆچوونی فرەڕەهەندیی حیزب لە تێکۆشانی سیاسیو نیزامیی خۆی لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا، پۆلێنکردنی پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیو باسێک لە پێوەندیی حیزب لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیو حیزبو ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بێ تەفاوت نەبوون لە لایەنە سیاسییەکان لە نێوخۆی ئێران چەند تەوەرێکی قسەکانی خالید عەزیزی بوون.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لە سەر پرسی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان قسەی کردو باسی لە سیاسەتو گوتاری حیزب کە دەست تێوەرنەدان لە پرسی بەشەکانی دیکەی کوردستانەو، هاندانی حیزبەکانی هەرکام لە بەشەکان بۆ یەکگرتووییو هاوپێوەندیی نێوانیانی کرد.

پڕۆژەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتمێحوەری لەلایەن حیزبو هۆکارەکانی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە، باس لە جوغرافیای کوردستان، ئایینو ئایینزاکان لە کوردستان و پڕۆژە نەتەوەییەکانو خۆپێناسەکردن لە سەر بنەمای شوناسی نەتەوەییو لێکدانەوەیەک لەسەر کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتیو ئەمنیەتییەکان لە ئێرانو کوردستانو کەلکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لەو دۆخەو سیاسەتی حیزب بە مەبەستی دەرهێنانی خەڵک لە بێ تەفاوتی چەند بابەتێکی دیکە بوون کە کاک خالید عەزیزی قسەی لەسەر کرد.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستەسەر چەندیو چۆنیی دیپلۆماسیو پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستانو کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو، هەروەها باسی لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە حیزبو پارێزەرانی ڕۆژهەڵات، سیاسەتی مەیدانیی حیزب لە جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە کوردستانو دەسکەوتو خەسارەکانی حیزب لەو حەرەکەتەو هەروەها بابەتی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیو ڕەهەندەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە کرد.



لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەدا پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕات لەلایەن خالید حەسەنپوور خوێندرایەوەو دواتر کۆمەڵێکی زۆر لە بەشدارانی کۆنگرە سەرنجو تێبینییەکانی خۆیان لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ خستەبەرباس، کە دوای تاوتوێو وەرگیرانی لەلایەن کۆمیسیۆنی ڕاپۆرتەوەو هەروەها وەڵامدانەوەی پرسیارو سەرنجی بەشداران لەلایەن خالید عەزیزی و ئاسۆ حەسەنزادەوە، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ بۆ کۆنگرەی ١٦ بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسند کرا.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەدا پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزب لەلایەن شەونم هەمزەیی، پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیە لەلایەن گوڵاڵە شەرەفکەندی، پەیامی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_کۆمەڵە لەلایەن شاناز کاکەئازارو پەیامی ئەحمەد رەئفەت، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی لەلایەن ئەسعەد خزری خوێندرانەوە.

لە دووهەمین ڕۆژی کارەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەسند کرایەوە.

بەرنامەی حیزبی دێموکڕات پاش تاوتوێو لێکدانەوەی بەشداران بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکەدا پەسند کرایەوە.

لە سەرەتای دانیشتنی یەکەمدا قادر وریا، ئەندامی هەیئەتی پێداچوونەوە بە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب باسێکی لەسەر چۆنیەتیی ئامادەکارییەکان بۆ گەڵاڵەی پێداچوونەوە بە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا کردو پاشان ئەندامانی کۆنگرە بە تێروتەسەلی قسەیان لەسەر ئەو گەڵاڵەیە کرد.

مەسەلەی مێژووی حیزب، ئامانجە گشتییەکانی حیزب، فدرالیسم لە ئێرانی دێموکڕاتیک وەک دروشمی ئیستراتیژیی حیزب، بنەماکانی کۆماری کوردستانو بابەتەکانی پێوەندیدار بە سیستمی دەسەڵات لە کۆماری کوردستان، یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێرانی فیدراڵدا، کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ، پرەنسیپو ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستانو؛ چەند پرسێکی وەک سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک لە بەرنامەی حیزبدا و سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆمەڵێک لەو بابەتانە بوون کە بەشدارانی کۆنگرە بە گەرمیو گوڕی باسیان لێکردنو دوای کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە گەڵاڵەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بەرنامەی حیزب بە دەنگی زۆرینەی هەرە زۆری بەشداران پەسند کرا.



لە چەند بەشێکی دانیشتنەکانی دووهەم ڕۆژی کاریی کۆنگرەدا پەیامەکانی حیزبی چەپی سۆئێد، پەیامی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ژاپۆن لەلایەن کوێستان گادانی؛ پەیامی ژێرارد شالیان، مێژوونووسی فەڕانسەیی و دۆستی کورد و حیزبی دێموکڕاتو، پەیامی دوکتور فریدریک تیسۆ لەلایەن شلێر حەسەنپوور و؛ پەیامی دوکتور حەسەن شەتەوی لەلایەن سۆهەیلا قادری و پەیامی ئەمیر قازی، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەلایەن شیلان یونسی خوێندرانەوە.

لە سێهەمین ڕۆژی کاریی کاروباری کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ پەسەند کرایەوە.






لە سەرەتای کاری کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار بەو باسە قادر وریا، ئەندامی هەیئەتی گەڵاڵەکردنی پێڕەوی نێوخۆی حیزب باسێکی لە پێداچوونەوە بە پێڕەوی نێوخۆی پێشووی حیزب کردو دواتر بەشدارانی کۆنگرە سەرنجو تێبینیی خۆیان لەسەر گەڵاڵەکە هێنایە بەرباسو پاش مناقشەو ئاڵوگۆڕی بیروڕا، دەقی پێڕەوی نێوخۆ پاش دەسکاریی پێویست پەسند کرا.

یەکێک لە گرینگترینی ئەو دەسکارییو پێداچوونەوەیە لابردنی بەندی دوو دەورە سکرتێری لە پێڕەو نێوخۆێ حێزب بوو.

لە برگەکانی دیکەی سێهەم ڕۆژی کاریی کۆنگرەدا پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان لەلایەن حەسەن شێخانی، پەیامی حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە لەلایەن نەبەز عەلیدوستو، پەیامی حیزبی سۆسیال دێموکراتی دانمارکو حیزبی گەلی مەغولستان لەلایەن تاهیر قاسمی



خوێندرانەوە. هەروەها خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی چاوەدێری بەسەر بەرنامە و پێڕەو لەلایەن مستەفا مەعرووفیو باسێک لەسەر میکانیزمی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی هەیئەتی گەڵاڵەکردنی ئەو پڕۆژە پێشنیارە چەند برگەیەکی دیکەی سێهەم ڕۆژی کاریی کۆنگرەی ١٦ بوون.

لە یەکەم برگەی چوارەمین ڕۆژی کاریی کۆنگرەدا دەنگ بە هەڵبژارنی کۆمیتەی ناوەندیو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتو پڕۆژەو ڕێکارەکان بۆ باشتر جێخستنی پڕۆژەو بەرنامەکانی حیزبو دەستنیشانکردنی ئەرکو بەرپرسایەتییەکانی حیزبو لایەنەکانی دیکە بوو کە باسەکە بە بەشداریی گەرموگوڕی بەشدارانی کۆنگرەو سەرنجو تێبینییەکانی ئەوان دەوڵەمەندکراو لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە ڕاسپاردەو بڕیارنامەیەک لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

خوێندنەوەی پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دەفتەری سیاسیی حدکا لەلایەن سۆهەیلا قادری، خوێندنەوەی بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن ڕەحیم محەممەدزادەو، خوێندنەوەی پەیامی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسیی کوردستان لەلایەن مامۆستا ئاشق ئیسماعیلی چەند بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی دواڕۆژی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوابڕگەی چالاکیی خۆیدا بە وتەیەکی کورتی کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ دەستنیشانکردنی کارو پڕۆژەکانی داهاتووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.




# گوڵبژێرێك لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### حەفتا ساڵ تێکۆشان و ئەرکەکانمان

با ئەو ڕێکەوتە هاندەرمان بێ بۆ ئەوەی لە بلێندایی حەفتا ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان ڕا ئاوڕ بدەینەوە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە کە تا ئێستا حیزبەکەمان بڕیویەتی و سەرباری هەموو



سەختی و کەموکوڕییەکان شانازی بەوەوە بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری ئەو ئەمانەتە مێژووییەین. هەر لەو کاتەدا پێویستە ئەو بۆنەیە هانمان بدا بۆ ئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بە هێندێکیان کرد، ئازایانە و سەختگیرانە کارکردی تا ئێستای خۆمان و خەباتەکەمان بدەینە بەر زەڕڕەبینی هەڵسەنگاندن. پێویستە بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارییەوە خۆمان لە جارانیش ئەرکدارتر بکەین و باشتر حیزبەکەمان بۆ دەرچوون لە هەلومەرجی ئێستا تەیار بکەین. تەیاربوونێک کە بەپێی فرەڕەهەندیی خەباتەکەمان کەرەستەی پوخت و تۆکمەشی لە هەموو بوارەکاندا پێویستە، هەم ئەزموونی رابردووی دەوێ، هەم فیکری نوێ.

*****

### هەوڵی بە دوو جەمسەری کردنەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لەگەڵ ئەوەی سەردەمی شەڕی سارد لەمێژە کۆتایی پێ هاتوە و ساڵانێکە فرە جەمسەری جێی دوو جەمسەریی گرتۆتەوە، دیاردەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدی دەکرێ و هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە ئەوەیە کە رووسیە بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی لاوازیی پێگەی ساڵانی رابردووی، جیا لە کێشەکانی پێوەندیدار بە حەوزەی نفووزی سوننەتیی خۆی کە بەرچاوترینیان قەیرانی ئۆکراین بوو، هەوڵی داوەکۆمەڵێک کێشەی دیکەش لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی‌دا و لەنێو واندا قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوو بەرەیی شیعە و سوننە بۆ ئەوە بەکار ببا کە جێپێیەکی پتەوتر و بەرفرەوانتر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نفووز لە ناوچەدا بۆخۆی بکاتەوە. وەک دەرەنجامێکی ئەو ململانێ گەورانەش بە جۆرێک دوو جەمسەرییهکەی پێشوو بە شێوازگەلی دیکە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری نوێ (کە چی‌دیکە ئیدئۆلۆژیک و یەکدەست نین) زیندوو بۆتەوە.

*****

### تێرۆریزم و داعش

دیاردەی تێرۆریزم بەتایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێر کە لەسەر بەستێنی بنئاژۆیی ئیسلامی دروست بووە و لەو چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەکی زۆر بەربڵاوتر لە پێشوو بەرۆکی مرۆڤایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر گۆشە و کەناری دیکەی جیهان گرتوە، ئەمڕۆ وەک بابەتی هەرە مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتیدێتە بەرچاو. هەر ئەوەشە کە پڕۆژەی داعشی بەرەوڕووی ئەو دژکردەوە بەربەرین و بێ‌وێنە نێودەوڵەتییە کردۆتەوە. بەڵام حاشای لێناکرێ کە نە



هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەلکێشانی ئەو دیاردە مەترسیدارە تەنیا ئیدئۆلۆژین و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە دارشتنی ئامانج و شێوازەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا یەکدەنگ و یەکگرتوویە. لەڕاستیدا ئامانج و ئاجێنداکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی‌دا زۆر لێک جیاوازن و قەیرانی سووریە و شەڕی داعش بوونەتە تیئاتری بردنەپێش و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک ململانەی زۆر فراوانتری نێودەوڵەتی و هەرێمی.

*****

### دوورەدیمەنی دێموکڕاتیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ناڵێکی و ناڵەباریی ئەم میراتە ئیستعمارییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروەها کاریگەریی خراپی لەسەر چۆنیەتیی حوکمڕانی و هاوکێشەی نێوان خەڵک و حکوومەتەکانیش بەجێ هێشتوە. لەو شوێنەدا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکڕاسی لە زۆر وەڵات و ناوچەی دیکەی جیهاندا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و ژمارەی دیکتاتۆرەکان هەر هاتوە و کەمتر بۆتەوە، هەروەک لە ڕووداوەکانی بەناو «بەهاری عەرەبی»دا سەرلەنوێ سەرنجمان دا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شۆڕش و ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دێموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییان لێنەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەوە، وێکهەڵنەکردن و شەڕی فیرقەیی و تێرۆر لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بوون بە ئەمری واقیع و فەرهەنگی زاڵ بەسەر ژیانی سیاسیی ناوچەدا.

*****

### پرسی ناوکی و خەباتی ئێمە

خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی مافەنەتەوەییەکان‌و بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێراندا زۆر بەر لە سەرهەڵدانی کێشەی ناوکیی ئێران‌و ڕۆژئاوا و تەنانەت زۆر زووتر لە هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە دەستی پێ‌کردوە. ئەگەرچی گوشاری دەرەکی‌و هەڵوێستی لێبڕاوانەی کۆمەڵگەی جیهانی لەئاست لاسارییەکانی ئەوڕێژیمەمان هەمووکات بەفاکتەرێکی ئەرێنی بۆخەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران لەدژی ئەو ڕێژیمە زانیوەو دەزانین، بەڵام باوەڕمان وایە ئەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی ئێمە دەخاتە گرەوی خۆیەوە پێش هەموو شتێک بەردەوامیی ئەو خەباتە بە هاوکاری و یەکگرتوویی هەموو هێز و لایەنەکان و هەموو بەستێنەکانی خەباتە، نەک جۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمەو دنیای دەرەوەدا دێن.

*****

### فاکتەری کورد لە هەلومەرجی نوێی ناوچەدا

ئەو هەلومەرجە نوێیەی ناوچە جیا لەوە کە دەتوانێ سەرچاوەی کۆمەڵێک مەترسیی نوێش بۆ سەر کورد بێ، لە خوردکردنەوەی جێگە و پێگەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان و لەپێوەندی لەگەڵ پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردیشدا هەڵگری کۆمەڵێک کەموکوڕییە. جیا لەوە کە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک لەو پانۆڕاما نوێیەی ناوچەدا چالاک و دانپێدانراو نین و بەشی سەرەکیی ئەو بایەخ دانە بە ڕۆڵی کورد بەپلەی یەکەم باشووری کوردستان دەگرێتەوە، دابەشبوونە هەرێمی و جیهانییەکان لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە سیاسەت و ئاقاری بەشێک لە هێزە کوردییەکانیشەوە دیارە. ئەمڕۆ هەر لەو کاتەدا کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر هەل و دەرفەتی لەبار بۆ بردنەپێشی پرسی کورد لەگۆڕێدایە، بەڵام نیگەرانییش لە دابەشبوونی هێز و لایەنە کوردییەکان لە پەراوێزی ململانەی نێوان هێزە ناوچەییەکاندا و بەردەوامیی زێهنیەتی یەکترقبووڵ‌نەکردن و هێژێمۆنی‌خوازیی ئەم لایەن و ئەو لایەن زیادی کردوە.

*****

### سنووری جوغرافیایی ڕۆژهەڵات

سیاسەتی دێموگرافی و ڕاگواستن و لێکدانی قەومی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای لە بارودۆخەکە کردوە کە تا ئێستاش دیاریکردنی سنووری جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاسان نەبێ. نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات نەیانتوانیوە لەپێوەندی لەگەڵ سنوورەکانی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا



بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنیی هاوبەشیان هەبێ، بەڵکوو ئەم پرسە هەتا ئێستا بە جیددی بیریشی لێ نەکراوەتەوە. ئەمە لە چەشنی ئەو پرسە گرینگ و درێژخایەنانەیە کە پێویستە لایەن و بژاردەکانی کورد پێکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەم بە بەرچاوڕوونییەکی باشترەوە لە ئێستای سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی پیلان و گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە سەرزەمینی کوردستان ببنەوە و هەم بۆ دوارۆژی ساغکردنەوەی سنووری کوردستانیش ئامادەیی باشتریان هەبێ. شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نەهێڵین ئەم دابەشکردنە ئوستانییەی ئێستا شوێنەواری خراپ لەسەر رووحی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات دابنێ و بە پەرەپێدانی رووحی ناوچەگەری و ئوستانی ببێتە هۆی لاواز بوونی پێناسەی هاوبەشی کورد لە ئێراندا. هەر لەو کاتەدا بژاردە و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لەسەر پێناسەی سیاسی- جوغرافیایی کوردستانی ئێران وەک واحیدێکی یەکگرتوو بەردەوام و شێلگیر بن.

*****



### ئایین لە ڕۆژهەڵات و یەکگرتوویی نەتەوەیی

هۆشیاریی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین لەمپەرە لە بەرامبەر ئەوەدا کە کێشەی ئایینی کۆمەڵگەی ئێمە دابەش بکا. حیزبی ئێمەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە ڕێک لە چوارچێوەی ستراتێژیی بەهێزکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە و پێشگیری لەوە کە جیاوازیی مەزهەبی لە ڕووی سیاسییشەوە کوردی ڕۆژهەڵات لە یەکتر جیا بکاتەوە، بچێتە پێشێ. فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە وەک دەوڵەمەندییەک و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر بکرێن. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سوننی و شیعە و یارسان و هی دیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیاندا یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بپارێزن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن کە بە مانۆڕە فێڵبازانەکانی خۆی لەو جۆرە فرەچەشنییانە بۆ درزخستنەنێو ریزەکانی خەڵکی کوردستان و بە لاڕێدا بردن و گۆڕینی سرووشت و جەوهەری مەسەلەی کورد لە ئێران کەڵکی خراپ وەربگرێ.

*****



## پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد

حاشای لێ ناکرێ کە دابەشبوونی کوردستان بەرژەوەندیی جۆراوجۆری لەنێو خودی کورددا دروست کردوە و هەر پارچەیەکی کوردستان یان تەنانەت هەرکام لە هێزە سەرەکییەکانی ئەو پارچانە خوێندنەوەی خۆیان لەو بەرژەوەندی‌یانە و بەگشتی لە ئایندەی مەسەلەی کورد هەیە. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە دەبێ هەر پارچەیەکی کوردستان بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی خۆی بکا و بۆخۆیشی ئاجێندای خەباتی خۆی تەنزیم بکا، هەق وایە هەموو کورد پێکەوە ئەو قابلیەتە لە خۆیدا پێک بێنێ کە لەسەر هێندێک ڕێکار یان لانیکەم پرەنسیپ هەم لەبواری پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هەم لەبارەی چۆنیەتیی بردنەپێشی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی یەکدەست لە ئاستی دەرەکیدا ڕێک بکەون.

پێوەندی و بردنەپێشی پرسی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ لەسەر حیساب و بە قیمەتی خەواندنی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تەواو بێ. زەرووڕەت و ڕیساڵەتی یەکیەتی و ڕووحی نەتەوەیی کورد و تەنانەت بەرژەوەندیی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێ کە بەرپرسانی ئەم پارچەیەی کوردستانیش بە چاوی حورمەتەوە بڕواننە ڕابردووی پڕشنگداری کوردەکانی ڕۆژهەڵات چڵەبواری خەبات و فیداکاری بۆمافە ڕەواکانی خۆیان و چڵەبواری هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە گوتار و سیاسەتیاندا پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەکەی نادیدە نەگرن.

*****

## فیدرالیخوازی و تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێران

خەباتی کورد لە ئێران زۆر بەر لە فیدرالیخوازی جەوهەر و شکڵی ئەمڕۆی بە خۆوە گرتوە و ئەو جەوهەر و شکڵە لە داهاتووشدا هەروا درێژەی دەبێ. هەربۆیە زۆر سروشتی و بەجێیە کە وێڕای کارکردن بۆ جێگیرکردنی فێدرالیزم وەک مێکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی هاوبەشی وڵات و وەک دەستەبەرێک بۆ ستاتووسی کورد، حیزبی ئێمە و گەلەکەمان بەگشتی لە هەموو قۆناغەکاندا دەستئاوەڵایی بۆخۆیان بێڵنەوە و لە گەڕان بەشوێن ڕێگاچارەکاندا قورسایی کار و بەرنامەکهیان پێشدا بخەنە سەر جێگیرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد. بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە کە وەک کورد لە تەنیشت پرۆژەی فیدراڵیدا، بەردەوام لە فکری ئەوەشدا بین کە بەپێی دەرفەت و هەلومەرجی خەبات تێبکۆشین ئەگەر بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاویش بێ، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان کار بکەین. ئەمە نە لەگەڵ فیدرالیخوازی بۆ سەرجەم ئێران و نە لەگەڵ حاکمیەتخوازیی خودی کورد (کە لە بەرنامەی ئێمەدا لە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆماری کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە) لە دژایەتیدا نیە.

*****

## «کۆمار» لە دروشمی حیزبدا

زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمار و جێکردنەوەی لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا، بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێ جار دەگوترێ، کەمترین ناتەبایی لەگەڵ ویستی فیدرالیزم و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا نیە. چونکە جیا لەوە کە لە



ئەزموونی پێشووی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) تەعامول لەگەڵ تاران و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا لە بەرنامە و دەستووری کاری ڕێبەرانی کۆماردا هەبوو، لەڕووی حقووقی و ئەزموونی وڵاتانی دیکەشەوە پێکەوەهێنانی هەردوو چەمکی فیدرالیزم و کۆمار شتێکی باو و ئاساییە و زۆر قەوارەی نیمچەسەربەست هەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرفرەوانتردا لەژێر ناوی کۆماردا دانیان پێدا نراوە.

*****

## ڕۆژهەڵات تەوەری

لە فەزایەکی ئاوادا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ سەرنجی خۆمان و خەڵک و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەو زەرووڕەتە ڕابکێشین کە وزە و توانای سیاسی و خەباتگێڕیی ڕۆژهەڵات پێش هەموو شتێک بۆ بەهێزکردنی ئەو پارچەیەی کوردستان تەرخان بکرێ و نابێ دەربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی ببێتە بەستێنێک کە لەودا لەژێر ناوی پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بەشەکەی خۆمان لەبیربکەین. ئەوە بە مانای غافڵبوون لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و پێویستیی هاوهەنگاویی نێوان پارچەکانی کوردستان نیە، بەڵکوو بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵات لەسەر نەخشەی گشتیی بزووتنەوەی کورد و فاکتەری کوردی لە ناوچەداو نیشاندانی ئەو چاوەڕوانییەیە کە ئەگەر قەرار بێ هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانان لەنێوان کوردی ڕۆژهەڵات و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ، پێویستە ئەو هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانانە دوولایەنە بێ. نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە بەرژەوەندیی چوونەپێشی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشە کە مەسەلەی کورد لە پارچەیەک بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

*****

## چالاکیی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات

لە فەزایەکی وەهادا کە بەداخەوە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی سەیر دەکرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە هیچ لایەنێک کەمتر ئاگاداری ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و سنوورداربوونی زەرفیەتەکانی فەزای ناوخۆ نیین و لەحاڵێکدا لە ساڵانی ڕابردوودا بەتەنیا بەقەرا هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەمان لە نێوخۆی وڵاتدا چالاک بووە، هەمیشە پشتیوانیمان لە هەوڵ و ئیبتکارە مەدەنییەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات کردوە و تەنانەت هاندەریان بووین بۆئەوەی لە هەوڵی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراویشدا بن. ئەوەش لەباوەڕمان بە خەباتی فرەڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ و پێمان وایە بە مەبەستی چالاککردنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بە جەماوەریکردنی خەبات پێویستە پاڵپشتی بەکردەوەی ئەو بەستێنە گرینگەی تێکۆشان بین. هەرلەوکاتەدا، لەو باوەڕەداین کە پێویستە چالاکانی نێوخۆ بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیان بەشێوەی یەکگرتوو و



هەمەلاگیر پێکەوە کار بکەن، هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بن و وێڕای کارکردن لەسەر ئەو بوار و بابەتانەی لە ژیانی خەڵک نزیکترن، هەمیشە جەوهەری پرسی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی لەبەر چاو بێ.

*****

## چالاکیی پێشمەرگە و خەباتی مەدەنی

ئێمە خۆڕاگری و خەباتی چەکدارانە بۆ خۆمان وەک گەلێکی خاوەنمافی چارەنووس و لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لەجیاتی پێکهێنانی دەرفەتی چارەسەری سیاسی بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی دەکا، بە مافی ڕەوا و تەنانەت ئەرکی خۆمان دەزانین. بەو حاڵەش حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و جێگیربوونی هێزەکانمان لەسەر سنوورەکان زۆرتر بەمەبەستی حزووری سیاسی و تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆمان بووە. ئەگەریش لەو ڕێگایەدا تێکهەڵچوونێک لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا ڕووی دابێ، دەستکردنەوەی پێشمەرگە تەنیا بۆ دیفاع لە خۆیان بووە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزەکانی ڕێژیم بەتایبەتی بەکرێگیراوەکان سەرینی خاترجەمی بخەنە ژێر سەری خۆیان و لەسەر ڕەفتاری نائینسانی و دژی گەلییانەی خۆیان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەردەوام بن. حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە دەبێ وەک بەشێک لە

خەباتی فرەڕەهەندی حیزبەکەمان چاو لێبکرێ. بۆ حیزبێک کە ژیانی سیاسیی خۆی لەپێشدا بە بەڕێوەبردنی وڵات و بنیاتنانی دامودەزگاکان دەست پێ کردوە و دوایە ناچار بووە ڕێگای بەربەرەکانی بگرێتە بەر، بە هیچ جۆر نابێ بەستێنی خەباتی چەکدارانە بە ئەلترناتیڤی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی چاو لێبکرێ. ئێمە خەباتی شاخ و خەباتی شار لە بەرامبەر یەکتر دانانێین و بە تەواوکەری یەکتریان دەزانین. ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شار و گوندەکان لە گەڕاندا بوون، بەشی تەشکیلاتی و لایەنگرانی حیزب لە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدەنیدا بەردەوام بوون و ڕاگەیاندنی حیزبیش دەنگ و ڕەنگی هەردووکیان بوو.

*****

## کورد و دەوڵەتی مەرکەزی

لەحاڵێکدا کە ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە تاران نە بە بەشداریی کورد دروست بوون و نە کوردیش ئیدیعای ئەوەی کردوە کە بە تەنیا دەتوانێ بیانڕووخێنێ، جووڵانەوەی ئێمە لە ئێران لەسەر بنەمای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بەهۆی چەکداربوونی بە جووڵانەوەیەکی «برانداز» ناسراوە. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ تاران بەرهەمی ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە دژی ئێمە و لەڕاستیدا دژکردەوەی ئێمە بەرامبەر بە تاران بووە. دەگەڵ ئەوەی ویستی ڕووخانی ڕێژیمێک بەو سروشت و ماهیەت و کارکردەوە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی بەتەواوی مەنتقی و ڕەوایە، هیچ بە بەرژەوەندی نیە کە ئەوە تەواوی کایەی سیاسیی ئێمە لە ئێراندا لە قالب بدا. دروست نیە لەجیاتی مانۆڕدان و مەیدانداری دەگەڵ ڕێژیم، هەموو ئیبتکار و خەللاقیەتی سیاسی و خەباتگێڕیی ئێمە تەنیا لە دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا خولاسە بێتەوە.



سەرنجڕاکێشە کە کۆمەڵێک مانۆڕی وەک بەشداری لە هەڵبژاردن و وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم کە حیزبی دێموکڕات لەوپەڕی دڕندەیی ڕێژیمدا تاقیی دەکردنەوە، بیست سی ساڵ دواتر بە تەواوی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا دەبن بە تابوو. لێرەدا قسە لەوە نیە کە ماهیەت یا نیەتی کۆماری ئیسلامی چیە و باسەکە نابێ لەسەر ئەوە بێ کە ڕێژیمێک بەو کارنامەیەوە کە هەیەتی چەندە دەکرێ ئومێدی پێ ببەسترێ کە هەنگاوێک بەرەو کرانەوە یان بەرەو چارەسەری پرسی کورد هەڵێنێتەوە. بەڵکوو قسە لەوەیە کە لەو خوێندنەوە




لە قالبدراوەدا بەهۆی کورتبووونەوەی یاریی سیاسی لە پرۆسەیەکی نەگۆڕ و بێ بەرهەمدا سەنگ و تواناکانی کورد بە گشتی و حیزبەکانی بهتایبهتی وەدەر ناکەوێ و لە ئاکامدا نە ڕێژیم لەسەر مەسەلەی کوردستان لە دەرەوەی خانەی ئەمنیەتی و چەکداری گیروگرفتی بۆ دروست دەبێ و نە سەرنجی بیروڕای نێونەتەوەییش بۆ لای پۆتانسیەلێکی جەماوەری ڕادەکێشرێ کە وێڕای شوناسخوازییەکەی دەیتوانی و دەتوانێ سەرمایەیەکی بەهێزی ڕەوتی ئازادیخوازی بۆ هەموو ئێرانیش بێ.

*****

## لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا

حیزبی ئێمە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا قەت بە شێوەی موتڵەق و یەکدەست چاوی لە هەڵبژاردنەکانی ژێر حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە نەکردوە. ئەگەر ڕاستە کە کۆمەڵێک ئاستەنگی سیستمی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکرێن، ئارایشی هێزەکان و سروشتی هەڵبژاردنەکان دەکرێ جیاوازییان پێکەوە هەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سروشت و وەزعیەتی هەر هەڵبژاردنێک جیاوازە، ئێمە خۆمان لەوە دەبوێرین کە نوسخەی پێشوەخت و یەکدەستمان بۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا هەبێ و زۆر جار بۆخۆشمان هەڵبژاردنمان تەحریم کردوە. لەهەرحاڵدا ئەسڵی ئێمە



ئەوە نیە کە تەنیا لەبەر خاتری ئارگومێنتی شەرعیەتدان بە ڕێژیم (کە ئارگومێنتێکی بێجێیە) پێشگیری لەوە بکەین کە خەڵک هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نێوەرۆکی ویست و داواکانیان و قورسایی دیمۆگرافیی قەومی و بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێژیم بەکار بەرن.

*****



### کەموکوڕییەکانی خەبات

لایەنێکی دیکەی کەموکوڕیی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. جیا لەو دابەشبوون و دڕدۆنگییانە کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە چەندین ساڵە پێیەوە گرفتارە، بەپێچەوانەی ئەوە کە لەلای بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دیکەی دنیا باوە و تەنانەت بەپێچەوانەی ئەوە کە زۆر جار لە رابردووی بزووتنەوەی خۆشماندا رووی داوە، ئەمڕۆ بنەماکانی سیاسەت و مێتۆدەکانی خەبات لەڕادەبەدەر بوونەتە بارمتەی کۆمەڵێک تێبینیی بەهاگەرایانە (ئەرزشی). بەمجۆرەیە کە ئامانجە بچووک و کورتخایەنەکان بە ناهەق لە بەرامبەر ئامانجە گەورە و درێژخایەنەکان دادەنرێن یان شێوازێکی خەبات بە ناهەق بە نەفیکەرەوەی شێوازێکی دیکەی خەبات لە قەڵەم دەدرێ. بەم چەشنە زۆر ئیبتکار و مانۆڕی سیاسی کە دەکرێ یارمەتی بە خوڵقاندنی سیناریۆی نوێ بکەن یان لانیکەم سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای پرسی رەوای گەلەکەمان رابکێشن، ئاکامی دڵخوازیان لێوەرناگیرێ. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە بەهۆی رەفتار و ماهیەتی دژمنانی کورد و سروشت و خەسڵەتی خەبات و خەڵکەکەمان، دەروونناسیی سیاسیی ئێمە ئەوەندەی لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی چەکدارانە و هەوڵدان بۆ گۆڕانی یەکساتە سازگارە ئەوەندە قابلیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی هەنگاو بە هەنگاوی لەنێو ئێمەدا دروست نەکردوە. ئەمە هەم لە ساختاری تەشکیلاتیی ئێمەدا رەنگی داوەتەوە کە زۆرتر وەڵامدەری پێویستییەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری بووە و بارستاییەکی ئیداریی بۆ ئەمڕۆ لە حیزبدا بەجێ هێشتوە، هەم کاریگەریی لەسەر

سۆنگەیەشەوە، ئەولەوییەتی ئێمە ڕێکخستنی نێومالّی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

*****

### هاوکاریی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات

ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەتوانن لە هاوکێشەکانی ناوچە و وڵاتی خۆیاندا شوێندانەر بن و حیسابیان بۆ بکرێ کە پەرە بە سەنگی تایبەت بە خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش پێویستە هەوڵ بدەن بە ساغبوونەوە لەسەر گوتار و ڕێکاری هاوبەش و هەمەلاگیر زۆرترین پۆتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەستێنەکاندا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگە و شوێندانەریی»دێموکرات« لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێمان وا بووە کە هەتا کێشەی نێوان دوو حیزبی دێموکرات چارەسەر نەبێ، دەرەتانی دروستکردنی



### ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

بە باوەڕی ئێمە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەرچوون لەو وەزعە کە پێشتر باسمان کرد، پێویستە مشوور و ئازایەتیی بەخۆداچوونەوە و خەسارناسییەکی جیددیی کارکردی دەیان ساڵەی خۆی هەبێ و بە ڕاشکاوی دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدا بنێ. پێش هەموو شتێک لایەنەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی ئەوەی بە هۆکاری مێژوویی و فیکری یەکتر حەزف بکەن و لە پەراوێز بخەن، پێویستە فەرهەنگی یەکترقبووڵکردن و لەگەڵیەکتر حاوانەوە لەنێو خۆیاندا جێگیر بکەن. ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە هەروەها پێویستە لە خەڵکی ئێران و مەیدانی ئەسڵیی خەبات کە نێوخۆی ئێرانە نزیک بێتەوە. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆن تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ڕاستییەکانی وەزعی ئێران بەو جۆرە کە هەیە ببینێ، نەک ئەوە کە لە خەیاڵ و ئارەزوودا بخولێتەوە. لە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەشدا لەجیاتی ئارمانگەرایی و گیرکردن لە مەسایل و مەفاهیمی ئیدئۆلۆژیک و فیکری پێویستە لە هەوڵی دۆزینەوە و دەکارخستنی ڕێکارەکانی بەمەیدانیکردن و نامەجازیکردنی خەباتدا بێ. لە هەمووی گرینگتر بۆ ئێمە، پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تەرسیمی ئایندەی سیاسیی ئێراندا لەسەر ڕێگاچارەیەک ساغ ببنەوە کە هەموو خەڵکی وڵات خۆی تێدا ببیننەوە. لەو نێوەشدا، جیا لەلایەنی سیاسی و مێژوویی قەزیەی کورد لە ئێران، پێویستە ئەوە وەبەرچاو بگرن کە ئەمڕۆ کورد سەنگ و پێگەیەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا بۆخۆی پێکهیناوە. هەربۆیە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیش بە ژوورەوە و دەرەوە ناتوانێ کورد وەک خۆی و لەسەر بنەمای ویست و داواکانی تایبەت بە خۆی وەبەرچاو نەگرێ.

*****

### کۆنگرەی نەتەوەیی

سیاسەتی ئێمە پێشوازی لە هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی فۆرۆم یان هەر دامەزراوەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی کە بە دوور لە هێژێمۆنی خوازیی لایەنێک یان پارچەیەک بەسەر لایەن و پارچەکانی دیکەدا یارمەتی بەوە بکا کە کوردەکان هەم بۆ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان و هەم بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا لەسەر هێندێک پرەنسیپ ڕێک بکەون و کاریان پێبکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە لە کورتخایەندا لەسەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو پڕۆژەیە هەن، لەو باوەڕەداین کە پێش ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان بە ئەنجامی هاوبەش بگەین، پێویستە لایەنەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لەنێو خۆیاندا بگەنە جۆرێک لێکتێگەیشتن و کۆدەنگیی مایەدار. لەو

بەرە یان هەر شتێکی لەو بابەتە لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا نارەخسێ، مەگەر ئەوە کە حازر بین هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکەین (شتێک کە هەرگیز لە سیاسەتی ئێمەدا نەبووە). هەر بۆیە ئێمە لە ماوەی رابردوودا قورسایی زۆرتری هەوڵەکانمان خستبووە سەر چارەسەری پرسی نێوان دێموکڕاتەکان. بەڵام ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئاکامی دڵخوازیش نەگەین، زۆر زەرووره کە بۆ ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و سیناریۆکانی داهاتوو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە لانیکەمی بنەمای لێکتێگەیشتن و مێکانیزمی کاری هاوبەش بگەن، جا لە هەر ڕادە و سیغەیەکدا بێ.

*****

توانا و خەللاقیەتمان لە بەکارهێنانی ئامراز و کاناڵە مۆدێرنەکانی تێکۆشان و راکێشانی هێزی پسپۆڕ و بژاردەکانی دەرەوەی خۆمان و ژێرخانسازیی فیکری و زانستی لەو بوارانەدا کە بۆ قەزیەکەمان پێویستن و...هتد داناوە.

*****

### پرسی نێوان دوو دێموکڕات

ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لەپێناوی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینەدا کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکڕات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و رەوتی وەسەریەککەوتنەوە بە جۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو ڕەوتە و لە ئیدارەی داهاتووی حیزب بکەن. رەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە فەرع بزانێ یا لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدا بێ کە خۆی بە براوە و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ، بێگومان ئەو ئەنجامەی نابێ کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن. واتە حیزبی دێموکڕاتێکی بەهێز و یەکگرتوو کە چیدیکە لە کێشەکانی رابردوودا گیر نەکا و ڕێزگرتن و سازکردنی سەنتێز لە رابردوو و روانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیریەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگەدا.





## دەیان ڕێکخراو و کەسایەتی پەیامی پیرۆزبایان بۆ کۆنگرەی ١٦ نارد




به بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوو کەسایەتییە بیانی، ئێرانیو کوردستانییەکان بە مەبەستی پیرۆزباییو بە نیشانەی هاوپیوەندیو هاوخەباتی پەیامیان بۆ ئەم کۆنگرە ناردبوو کە ناوەکانیان بریتین لە:

* بزوتنەوەی نێونەتەوەیی لاوانی کورد
* پارتی یەکییەتی سوریا (یەکییەتی)
* حیزبی چەپی سۆئێد
* حیزبی خەڵکی بەلوچستان
* حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سوریە
* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
* حیزبی رزگاری کوردستان
* حیزبی سۆسیال دێموکراتی دانمارک
* حیزبی سۆسیال دێموکراتی ژاپۆن
* حیزبی گەلی مۆغولستان
* حیزبی یەکییەتی کورد لە سووریە
* حیشمەتولای تەبەرزەدی
* حەسەن ماسالی
* د. بێرنارد گرانژۆن (سەرۆکی ئیفتیخاری ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان)
* د. حەسەن شەتەوی
* د. محەممەد رەحیمی
* د.گولمورادی مورادی
* دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
* ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە
* ژێرارد چالیاند
* سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ـ پێوەندی هەولێر
* سالار حەیدەری
* سکرتێری «بزوتنەی دێموکراتی گەلی کوردستان»
* سکرتێری گشتی «یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان»
* سکرتێری گشتی یەکییەتی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان
* سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال (لویس ئایالا)
* سیاوەش عەبقەری
* سەعید بشیرتاژ
* سەلیم بابان
* شورای ناوەندی بەرەی دێمۆکراتیکی ئێران
* عبداللـه زەنگەنە
* عبدولکەریمی شێخانی
* عەبدوڵڕەحمان عەلیکوردە و حاجی حاجی برایم
* عەزیزی ماملێ
* عەلی مێهرپەروەر
* کمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی ئیتحادی فیدائیانی گەلی ئێران
* کۆمیتەی کەمپەینی یەکبوون
* کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە – ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
* کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
* کەریم ئەحمەد پیرداود
* مکتبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان
* مەکتبی سیاسی پارتی کۆماری کوردستان
* مەکتەبی سیاسی «یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان»
* موحسین بێهزاد کەریمی
* مومتاز حەیدەری
* مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
* مەلا رەسوڵ پێشنەماز
* هەیئەتی سیاسی – ئیجرایی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)
* ئیقباڵ سەفەری
* ئەحمەد رەئفەت
* یەکییەتی دێموکراتی کوردستان – ئێران
* ئەمیری قاضی
* پارتی سەربەخۆیی کوردستان

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان

**کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە درێژەی ئەرکەکانی خۆیدا ژمارەیەکی پەیام بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان نارد. لەم ژمارەیەی کوردستاندا کۆمەڵێک لەو پەیامانەی کە بە نوێنەرایەتیی کۆنگرەوە لە لایەن کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەوە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان، ئامادە کرابوونو دەنگی کۆنگرەیان بۆ وەرگیرا، دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز.**

## پەیامی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان

**کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)!**

لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سڵاوی ئەمەگ و پێزانینتان پێشکێش دەکەین. ئێمە کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانتان کە بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاسایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆنگرەی شازدەیەم (کۆنگرەی حەفتا ساڵەی حیزب) لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە، ئەگەرچی بەداخەوە کۆنگرەکەمان لە نێوخۆی وڵات پێکنەهاتوە لەڕێگای دوورەوە سێبەری پیرۆزی ئێوە لەسەر سەرمان هەست پێدەکەین.

پتر لە حەفتا ساڵە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەو شانازی‌یەی پێبڕاوە کە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەوا و زەوتکراوەکانی ئێوە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بێ. شانازیی گەورەتر ئەوەیە کە لەو ماوە دوورودرێــــژەدا سەرچاوەی لەبڕاننەهاتووی وزەو توانای حیزبەکەمان هەمیشە ئێوە چین و توێژە ئازادی‌خواز و خەباتگێڕەکانی ئەم بەشە لە کوردستانی دابەش‌کراو بوون.

حەفتا ساڵ زیاترە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گەلی خۆرهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک ئاوێتەی یەکتر بوون کە لێکجیاکردنەوەیان بۆ نزیکترین دۆستان و سەرسەختترین دوژمنانیش کارێکی دژوارە. ئەم حیزبە هەموو سەرمایەکانی، هەموو شانازی‌یەکانی و تەنانەت تێکۆشەران و شەهیدەکانیشی لە سەرچاوەی بەپیتوبەرەکەتی بەخشندەیی ئێوە وەرگرتوە.

**خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان!**

کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆی‌دا ئەوەی لەدەستی هاتوە لە زەبروزەنگ و کوشتوبڕ و زیندان و ئەشکەنجە و ئازار و ئیعدام دەرهەقی ئازادی‌خوازانی ئێران و بەتایبەتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دریغی نەکردوە و لەو ڕێگایەوە کارنامەیەکی ڕەشی بۆخۆی تۆمار کردوە کە خستوویەتە بەر نەفرەت و بێزاریی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو. بەڵام وەک بۆخۆتان دەزانن ئەم ڕێژیمە بە هیچجۆر نەی‌توانیوە ئامانجی دژی‌ئینسانیی خۆی لەو جینایەتانە، کە بریتی بوو لە کپ‌کردنی دەنگی ئازادی‌خوازی و بەچۆکداهێنانی ئازادی‌خوازان وەدەست بێنێ. لە سەرانسەری ئێران کۆماری ئیسلامی دەگەڵ شەپۆلێکی بەربڵاو لە بەربەرەکانیی مەدەنی بەرەوڕوو بووە و ئەگەرچی بێڕەحمانە هەوڵی سەرکوتکردنی داوە، بەڵام بەرهەمێکی جگە لە بێزراویی زیاتر لە نێوخۆ و بەدناویی پتر لەڕادەی نێونەتەوەیی‌دا، بەدەست نەهێناوە.

ناکامیی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوردستان دیمەنێکی ئاشکراتری هەیە. ئەگەر دەوڵەت بێ‌بەزەیی‌یانەتر بەرامبەر خەڵکی ئەم دەڤەرە جووڵاوەتەوە، خۆڕاگری و نەبەزیی خەڵکەکەش بەرچاوتر و بەربەرینتر بووە. لەلایەک بەربەرەکانیی هێزە شۆرشگێڕەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەبووە و قەت ڕێگەی نەداوە کۆنەپەرستان لەم بەشە لە ئێران هەست بە ئەمنیەت بکەن و سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان بەسەر ئەو خەڵکە چاونەترسەدا بسەپێنن.لەلای دیکەش لە نەبوونی دەرەتان بۆ خەباتی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن‌دا چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێگەی بەتاڵی ئەوانیان پڕ کردۆتەوە و هەرگیز نەیان‌هێشتوە ئاڵای بەرەنگاربوونەوەی زوڵموزۆر بکەوێتە زەوی.

**گەلی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری کوردی خۆرهەڵات!**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروەک جاران و بە ئیرادەیەکی پتەوتریشەوە بە پەیمانی پیرۆزی خۆی دەگەڵ کوردستانی‌یە خەباتگێڕەکان وەفادارە و لێبڕاوە تا گەیشتن بە ئامانجی دابین‌کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان ئاڵای خەباتی ئەم گەلە بەشەکاوەیی ڕابگرێ. لەو ڕێگەیەدا پێش هەموو شتێک بە یارمەتیی بێ‌دریغ و پشتیوانیی ئێوە دڵگەرم و پشتئەستوورە. تێکۆشەرانی ئەم حیزبە میراتگرانی شانازی‌یەکانی ٢٥ی گەلاوێژ و قوتابیانی مەکتەبی فیداکاریی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا قازی موحەممەد و دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی و دەیان شەهیدی ڕێبەری و هەزاران شەهیدی مەیدانی خەبات و بەرخوەدانن و بە وەرەی بەرزەوە ئامادەی درێژەدانی ڕێبازەکەیان تا «سەرکەوتن یان سەردانان»ن.

متمانەتان بەحیزبەکەتان هەبێ و لە سەرکەوتنی داخوازە ڕەواکانتان دڵنیا بن. ئەو هەورە چڵکنەی بەری ئاسمانی کوردەواریی ئێمەی گرتوە بەزوویی دەڕەوێتەوە و خۆری هیوا بە وەدەستهێنانی ئازادی لە پشتی چیا سەربەرزەکانەوە دەدرەوشێتەوە. زامنی گەیشتن بەو ڕۆژە و وەدی‌هاتنی ئەو ئامانجەش تەنیاوتەنیا بەردەوامبوونی پێوەندیی دەیان ساڵەی نێوان ئێوە و حیزبە ئەمەگدارەکەتان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

هەموو پێکەوە بەرەو بەدی‌هێنانی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانمان. بەردەوام بێ پێوەندیی لەمێژینەی نێوان کۆمەڵانی گەلی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. بەئاواتی ڕۆژی ڕزگاری.

**کۆنگرەی شازدەیەمی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

## پەیامی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیە سیاسییەکان

بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان

لە تریبۆنی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە سڵاوتان بۆ دەنێرین و سەری ڕێز بۆ خۆتان و گیانی پاکی ڕۆڵەکانتان دادەنوێنین، ئەو ڕۆڵانەی لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای نەتەوە ستەملێکراوەکەمان دا چاوپۆشییان لە ژیان و ماڵ و گیانی خۆیان کرد و خوێنی خۆیان کردە مەشخەڵێک، کە تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن، بەرچاوی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان ڕوون دەکاتەوە.

سڵاو بۆ ئێوە کە ئەو تێکۆشەرە ئەمەگناسانەتان پێ‌گەیاندن، بە گیانی نیشتمانویستی و ئازادیخوازی ڕاتانهێنان، ئەوینی نیشتمان و خزمەت بە خەڵک و کۆمەڵتان کردە هەوێنی بیر و مەبەستیان و سەرەنجام بە دەست و دڵاواڵەییەوە پێشکەشی بارەگای ئازادیی نیشتمان ونەتەوەتان کردن. خوێنی ئەو شەهیدانە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی کورد و کوردستانی نەخشاندوە و بێ‌گومان فیداکاری و لەخۆبووردوویی ئەوان بۆ ئێمە دەبێتە سەرمەشق و هاندەر لە درێژەدانی ڕێگا پیرۆزەکەمان دا.

**بەندییەسیاسییە قارەمانەکان!**

بەربەرەکانیی قارەمانانەی ئێوە لە بەندیخانە و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا بەشێکی سەرەکی و گرینگە لە مێژوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، ئێران و جیهان دا دەنگی داوەتەوە و بۆتە ئیلهام‌بەخش و ورەدەر بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حزبی ئێمە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان و هەموو ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران. ئێوە لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم دا، بە تاوانی هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی پیرۆز و مافێکی ڕەوا، ڕەنجتان کێشاوە و بەرەوڕووی دڕندانەترین ئەشکەنجە و ئازاری جیسمی و ڕووحی بوونەوە، ئامانجێک کە گەلەگەتان لەمێژە خەباتی بۆ دەکا و قوربانیی لەپێناودا دەدا. هەر لەو ڕێگایەش دا کەس و کار و بنەماڵەکانی ئێوەش تووشی گەلێک نارەحەتی و کوێرەوەری هاتوون. بەو حاڵەش بە چۆک دا نەهاتوون، سەرتان بۆ دوژمن شۆڕ نەکردوە و نیشانتان داوە کە ڕاونان، زیندان، ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن و لە سێدارەدانیش ناتوانێ پێش بە خەباتی ڕەوای ڕۆڵەکانمان بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی بگرێ. دڵنیابن خەڵکی کوردستان و مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد بایەخ و جێگەی تایبەت بۆ خۆڕاگری، لەخۆبووردوویی و ڕەنج و خەباتی ئێوە دادەنــێ و ڕۆڵـەکانی ئـەم نـەتـەوەیـە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرسی تێکۆشان و فیداکاریتان لێ‌فێر دەبن.

ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان جارێکی دیکەش ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریتان دەگرین و دڵنیاتان دەکەینەوە ڕەنج و ماندووبوون و هەوڵدانی ئێوە لە ڕێگای ڕزگاری دا بە فیرۆ ناچێ و ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تا وەدیهێنانی ئامانجی هەموومان، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەدەین.

**کۆنگرەی شازدەیەمی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

**ڕۆژهەڵاتتەوەری بایەخدانە بە پرسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرگری‌کردن لە ئامانجەکان و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

## پەیامی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هێز و لایەنە ئێرانییەکان

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**
**حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان!**
**چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان شازدەیەمین کۆنگرەی خۆی لە حاڵێکدا بەڕێوەبرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و ئێران بە تایبەتی لە بوارە سیاسییەکان‌دا لە بەرەبەری ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی بنەڕەتی‌دان. سەرهەڵدان و هێژمۆنی‌خوازیی هێزە بناژۆخوازەکان، لە لایەک هەڕەشە لە ئەمنییەت و داهاتووی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە ناوچەکە دەکا و، لە لایەکی دیکەوە هەوڵ و خەباتی هەموو ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازانی بەرەوڕووی تەنگژە و بەرپرسیارێتییەکی مەترسیدار کردۆتەوە.

پێویستە بایەخدان و هەوڵی چارەسەریی ئەو مەسەلانەی لەمێژساڵە بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و ئێران و دراوسێ ڕۆژئاواییەکانی بە تایبەت گرتوە بکەوێتە بەرنامەی کاری حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانەوە. هەروەک ئاگادارن مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک یەکێک لە مەسەلە بەرباس و چارەسەر نەکراوەکانی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە، بۆ جارێکی دیکە بۆتەوە بابەتی ڕۆژ. ئەمڕۆ هەموو جیهان شاهیدن کە نەتەوەی کورد وەک دینامیزمی خەبات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بۆتە ئامانجی بناژۆخوازی، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی لە سووریە و عێراق بووە بە مەتەرێزی خۆڕاگری دژی ئەم مەترسییە روو لە زیادبوونە.

ئێمە پێمانوایە کە پارێزگاری لە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی کوردەکان لە ناوچەکە بووە بە بەشێکی جیانەبۆوەی خەبات بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، ئەمنییەت و خۆشبژیوی، ئازادی و دێموکراسی لە ناوچەکە.

**حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان!**
**چالاکانی سیاسی و مەدەنی!**

ئەندامانی کۆنگرەی ١٦یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە وردی سەرنج بدەنە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و تێکەڵاوییە سیاسییەکانی ناوچە و ئێران و، بە پێداچوونەوە بە ڕوانینی خۆیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، یارمەتیی چارەسەرکردنی بدەن. بە وتەیەکی دیکە پەرەی سیاسی و دێموکراتیزاسیۆنی ئێران پێویستیی بە ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ مەسەلەی نەتەوەکان بە گشتی و مەسەلەی کورد بە تایبەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەوڵ و هیممەتی کردەییانە و ڕوونی ئێوە لەم پێناوەدا دەکا.

**هاو نیشتمانیانی بەڕێز!**

ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کۆسپێکی جیددییە لەسەر ڕێگەی پرۆسەی ئازادکردن و دێموکراتیزاسیۆنی ئێران و لەسەر ئەم بنەمایە پێویستیمان بە وتوویژ و کاری مەیدانیی هاوبەش هەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرنگە. کوردەکانی ئێران بە مێژوویەکی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوەوە، ئەزموونی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان حەفتا ساڵ پێش ئێستا، خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئێران‌دا، وتوویژ و دانوسان وەک میکانیزمەکانی خەبات و دیپلۆماسی و هتدیان لە کارنامەی خەباتی خۆیاندا تۆمار کردوە.

ئەندامانی کۆنگرەی ١٦یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئێستا و داهاتووی ئێران و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، وەک کۆنگرەکانی پێشوو پێیان لەسەر چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، سێکۆلاریزم، دێمۆکراسی، یەکسانی، ئازادی و دیالۆگی دێموکراتیک داگرتەوە و، هەموو هاونیشتمانیان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بۆ هاوپێوەندیی کردەییانە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و خەباتی هاوبەش لەسەر بنەمای بەهاکانی سەرەوە بانگێشت دەکەن.

شایانی باسە کە ئەندامانی کۆنگرە ڕێبەریی هەڵبژێراویان ئەرکدار کردوە کە بەدواداچوون بۆ ڕەوتی وتووێژەکان لە پێوەندی لەگەڵ باسەکانی سەرەوەدا بکەن.

بە هیوای هاوکاری و هاوپێوەندیی زیاتری هێزە ئازادیخوازە ئێرانییەکان و یەکیەتیی کردەوە لە خەباتی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئازادی.

بە هیوای گەیشتن بە یەکیەتی و یەکڕیزی بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ئازاد و فێدراڵ.

**کۆنگرەی شازدەیەمی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

# ژمارەیەك لە پەیامی حیزب و لایەن و کەسایەتی سیاسیی کورد و ئێرانی و خارجی بۆ کۆنگرەی ١٦ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

## پەیامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان «مەکتەبی سیاسی - لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی» بۆ کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردسستان

**تێکۆشەران!**
**ئەندامانی شانزدەهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوێکی گەرمی پڕ ئومێدتان لێ بێ
لە هەلومەرجێکدا، کە جیهان، ناوچەکە، ئێرانی دوای ڕێکەوتننامەی (٥+١)ی نێو دەوڵـەتـی و بەشـەکانی کوردسـتانی پیا تێدەپەڕێ، حزبتان، دوای (٣٤) ساڵ لە دورە وڵاتی سەرکردایەتی و بنکەکانتان، کۆنگرە دەبەستن. کە بێگومان کێشمەکێشەکان و گۆرانکاریەکان کارلێک دەکەن، ئەگەرچی ئاسۆی روداوەکان لێکەوتە و دەرکەوتەی گەشی تیا ڕەچـاوە، بـەڵام ناشبێ ڕەچاو نەکراوەکانی هاوکێشە و تێک بەربوونی جەمسەری بەرژەوەندخوازانی جیهانی و ناوچەیش، بەرچاو نەگیرێن. حزبتان وەک هێزێکی دیموکراتی گۆڕەپانەکە، لە دۆخێکی ئاوهای هەڵچوون و داچونی سیاسەتدا، سەرگەرمی کۆنگرەیە.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە کاتێکدا ئومێدی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ دەخوازێ، دڵنیاشە حزبە تێکۆشـەرەکـەتـان، دوای (٧١) سـاڵ لە دامەزراندن و ئەزمونە هێژاکانی (کۆماری کوردستان) و (ڕاپەرینی گەلانی ئێران) و پاشەکشەی چـەکداری سـاڵی (١٩٨٢)ی سەرکردایەتیتان بۆ باشوری کوردستان، تـێـکـرا ئـەزمـونـێـکـی چـەشـنـاو چەشنی دەولەمەندتان هەیە، هەڵوێستەی مێژووییان لـەسـەر بـکـەن، بـۆ دارشـتـنـی سیاسەتی گونجاو لەگەڵ گۆرانکاریەکانی جیهانگیری، ناوچەکە، ئێران، رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.

**بەڕێزان**
**ژنان و جوامێران!**

دڵنیاین لەناو ململانێ سەختەکانی وڵاتان و هێزە دیموکراتەکاندا، لەبەرامبەر داعش و رەشەکوژەکانی تریشدا دەرکەوت، پرۆژە ستراتیژیەکانی سەدەی رابردوو، زۆربەیان لـەنـاو دەوڵـەتـان و هـێـزە سیاسیەکاندا بەتـایـبـەتـی لـە رۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـتـدا، گەیشتنە بنبەست؛ ئەمەش لەلایەن دوژمنانی دیموکراسی و سەلەفیەکانەوە بۆ نیو سەدە دەچـێ، بۆ لێدانی هێزە دیموکراتەکان و چەپەکان، قۆزرایەوە، بۆیە، گۆڕانکاریەکان تەنها بۆ سیستەمی حکومرانیەکان نییە، بەڵکو بۆ جیهانبینی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی هێزە سیاسیەکانیشە.. بۆ گەلانی ئازادی خوازیشە کە چۆن چۆنی رزگـاری خاک، ببەستنەوە بە خـەبـاتـی (دیـموکـراسـی - مەدەنی - پەرلەمان)یشەوە!

پڕ بـەدڵ ئـومـێـدەوارین، شانزەهـەمـین کۆنگرەکەتان، لەسەر ڕێبازی نوێخوازی، لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیەتدا، سەرکەوتوی رچەشکێن بێ

**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی...**
**مەکتەبی سیاسی**
**یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**
**باشوری کوردستان – سلێمانی**
**٢٠١٦/٢/٥**

## پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردسستان

**هاوڕێیانی بەڕێز لە حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سڵاوێکی گەرم**

پیرۆزبایی گـەرمـی کۆنگرەی حەفتا ساڵ تێکۆشانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان لێدەکەین و هیوادارین کۆنگرەکەتان تین و برەوی زیاتر بە پشووی خەبات و کوردایەتیتان بدات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاروانی خەباتی پڕسەروەریدا گەلێک دەستکەوتی مەزنی هـەبووە، هـەر لە کۆماری مەهابادی سومبولی حوکمڕانی کوردی و نیشاندەری گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی کـوردیـیـەوە تـا بـەردەوامـیـتـان لـە تێکۆشان بـۆ بەدیهێنانی مـافـە مـەدەنـی و سیاسییەکانی گەلەکەمان.

**هاوڕێیان**

لە کاتێکدا ئێوەی بەڕێز کۆنگرەی خۆتان دەبـەسـتـن ناوچـەکـە و کوردسـتـان لـە بـەردەم گۆڕانکاری گەورە دایە. هەر بۆیە ئێمە لەم بۆنەیەدا جارێکی تر جەخت لە گرنگی هاوکاری و پشتیوانی هـەمـوو هـێـزە کوردستانییەکان دەکـەیـنـەوە لە سەرتاسەری کوردستان بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی ئاسایشی نەتەوەیی، کە تێیدا گەلەکەمان یاریکەر بێت لـە داڕشـتـنـەوەی ئـایـنـدەی ناوچـەکـە نەک یارییێکراو.

جارێکی تر هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین لە پێناوی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکامن.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.
بزوتنەوەی گۆڕان
٢٠١٦/٢/٦

## پەیامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بـەڕێـزان/ سـەرکـردایـەت و ئەندامانی شازدەهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر**
**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...**

بەناوی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگان و کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان_ ەوە پیرۆزبایی گـەرم لـە کۆنگرەکەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانی دەخوازین.

شازدەهەمین کۆنگرەی حزبەخەباتگێڕەکەتان لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتدا دەبەسترێت کە نـاوچـەی رۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت پێیدا تێدەپەڕێ و چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورە و ریشـەیی و چارەنوسساز لە دەرەنجامی پـەرەسـەنـدنـە هـەمـەلایـەنـەکـانـدا لـە ڕووی سیاسی و جوگرافیاییان لـێ دەکـرێ و بەشی کورد و کوردستانیان تێیدا گرنگ و جێ بایەخ دەبێ بۆ هەر چوار پارچەی نیشتمانە بەش بەشکراوەکەمان. گرنگترین ئەو گۆڕانکارییە پێشبینیکراوانە کۆتاییهاتنی نەخشەی جیۆسیاسی سایکس بیکۆیە، کە سەد ساڵە کوردستانی دابەش و لکاندووە بە دەوڵەتانی ناوچەکە و جگە لە جینۆساید و غـەدر و ژێردەستەیی هیچی دیکەی بۆ گەلی کوردستان بەرهـەم نەهێناوە و ئێستا کاتییەتی کە کۆتایی بەم زوڵمە مێژووەییە بهێنرێت و کوردستانیان شاد بن بە دەوڵەتی سـەربـەخـۆی خـۆیان و وەکـوو سـەرۆکـی هێژامـان (مسعود بـارزانـی) دەڵـێ ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە سەربەخۆییەوە نزیکین. ئەمەیش پرسی ستراتیجی و هەرە میحوەریی ئـەم قۆناغەیە کە چـاوەڕوان دەکرێ لە کۆنگرە بەڕێزەکەتان بە وردی لێی بکۆڵێتەوە و ئامڕازەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماتی بۆ فەراهەم بکات.

ئێمە لـە هـەرێـمی کوردسـتـان لـە خـەبـاتـی نـەپـسـاوەمـانـدا لـەپـێـنـاوی بـڕیـاردانـی چارەنووسدا لەوەتەی دەوڵەتی هاوچەرخی عـێـراق لـەسـەر بـنـەمـای زوڵـم لـە کـورد دروسـتـکـراوە، بـە هـەمـوو شـێـوازێـک مقاوەمەتی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و هـەمـوو شـێـوازەکـانـی دوژنـکـاریـی و سیاسەتەکانی شۆفێنییەتمان کردووە و هیچ شێوازێکی سستمی سیاسیش نەما لەگەڵ عێراقدا تاقیمان نەکردبێتەوە، لە لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و فیدرالییەت و لە هیچیشیدا پەیوەندی دروست لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بەدی نەهات چونکە شۆفێنییەت و عەقلییەتی زاڵبوون و دیکتاتۆریی نەیتوانیوە کورد و کوردستانیان وەکوو هاوبەش لە عێراقدا ببینێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ئێستایش وا شـەڕی تیرۆریستانی داعش بە درێـژایـی هـەزار و پەنجا کیلۆمەتر بـەردەگـای گرتـووین و بـە قارەمـانـێـتی پێشمەرگە و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، تێکمان شکاندوون و ڕۆژانە ئەو ئەفسانەیە دەشکێنین و پاشـەکشـەی پـێ دەکـەیـن. هـاوکـات بـەرامـبـەر بە سـزا زاڵمانەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق کە بوودجەی هەرێم و مووچـەی فەرمانبەرانیان بڕیوە و بە هیچ جۆرێکیش هـاوکـاری پێشمەرگەی کوردستان ناکەن و پشتیان کردۆتە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەبووی شارەکانی عێراق کە لە کوردستاندا داڵـدەدراون، بەرگەمان گرتووە و خۆڕاگرانە هەوڵی تێپەڕاندنی ئـەم قۆناغە سـەختە دەدەیـن. سـەربـاری ئەوانەیش دابەزینی نرخی نەوت و قەیرانە ئابووریانیەکانی جیهان بەرکەوتەی زۆر خراپی لەسەر باری دارایی و ئابووری و گوزەرانی خەڵکی ئێمە دروست کردووە.

ئێمە دڵنیاین کـە هـەمـوو ئـەم تەنگانەیە بەشێکن لە سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر بە گەلەکەمان چونکە لە سەربەخۆیی نزیک بۆتەوە و نەیارانی نایانەوێ بەو ڕۆژە شاد بێ بۆیە دەیان پیلانی جۆراوجۆر و لە ڕێی چەندین کەناڵەوە ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئێوەی تێکۆشـەر دەزانن کە سـەرکـەوتن هەر بۆ ئیرادە و خـواسـتـی سـەربـەخـۆییخوازی گەلی کوردستانە. ئومێد دەکەین بە سود وەرگـرتـن لـە ئـەزمـوونـی ڕابـردوومـان و ڕەچاوکردنی ئاراستەی گۆڕانکارییەمان، بەرنـامـە و پـلانـی سـەردەمـی و گونجاو بۆ چـوار سـاڵـی خـەبـاتـی ئـایـنـدەی حزبە تێکۆشەرەکەتان پەسەند بکەن و پێکەویی و یەکگوتاری هێزە کوردستانییەکان بۆ وەدەستهێنانی گشت مـاف و داخـوازییە نەتەوەییەکانمان خاڵی گەشی پرۆگرام و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەتان بێت .

لە کۆتاییدا دووبـارە پیرۆزبایی گـەرم لە کۆنگرەکەتان دەکـەیـن و سـڵاوی خـۆمان دەنـێـریـن بـۆ گـیـانـی پـاکـی شـەهـیـدانی حزبەکەتان کە لە کاروانی پێشەوای نەمر قازی محمد دان.

سڵاو بۆ پێشمەرگە نەبەردەکانتان و هـەموو خەباتکارانی ڕێی ڕزگاریی نیشتمانیی.

**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٦/١/٢٥**

## پەیامی مومتاز حەیدەری بۆ کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردسستان

*دەخوازین کۆنگرەکەتان
*کۆنگرەی: یەکێتی گیانی نەتەوەیی - سیاسیی، ئێستا و دواڕۆژی کوردستان بێت.
*کۆنـگـرەی: خـاڵـی وەرچـەرخـانـی خـەبـاتـی سیاسی و دبلۆماسیی پێداویستییەکانی سەردەم بێت.
*کۆنـگـرەی: ویستی یـەکـگـرتـووی نـەتـەوەیـی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بێت.
*کۆنـگـرەی: لـە پێناو بـەرەیـەکـی نـەتـەوەیـی خـەباتی سـەرتـاسـەری دژی داگیرکـەران بێت.

بەڕێزان، ئازیزان:
ئەندامانی کۆنگرەی حزبە نەتەوەپەروەر و دیموکراتخواز و پێشڕەوەکەی شەهیدی نموونەیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر.
ئـەنـدامـانـی کـۆنـگـرەی حـزبـە ئـەنـدازیـارەکـەی کـۆمـاری کوردستان.
ئەندامانی کۆنگرەی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کودستان!
ئـەنـدامـانـی کـۆنـگـرەی شـەهـیـدان: سلیمان موعینی و د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی!
سڵاوی وشە و قەڵەم و خەبات

بـە بـۆنـەی گـرێـدانـی کـۆنـگـرەی شـازدەمـیـنـی حزبە تـێـکـۆشـەرەکـەتـان، حـزبـی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان، لە سەرچاوەی هەستی نەتەوەپەروەرییەوە، لە ڕوانگەی یەک کوردستانەوە، یەک ڕێباز و ئامانج و خەباتەوە، ناسکترین، جوانترین، گەرمترین، سڵاو پیرۆزبایی بە ئەندامانی حزب و کۆنگرەکەتان پێشکێش دەکەم.

دەخـوازم، لەو ڕەوشـە ئیجگار ئاڵۆز و ناسک و پڕاوپڕ کێشەی هەمە چەشنی: نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئـابـووری و کلتووریدا، کۆنگرەی شازدەمین کە خاوەنی مێژووییێکی هەمە جۆری هەڵسوکەوت و ئەزموونی تاڵ و شیرینە، بتوانی پەیامی سەرەکی خۆی لە دەست نیشان کردنی قۆناغێکی نوێی خەباتی هەمە لایەنی ژیان، ژیانی سەردەم بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، چ لە ئاستی کوردستان، چ لە ئاستی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، وە دەست بێنێ.

لە کۆتاییدا...
دەخوازین، کۆنگرەکەتان
کۆنگرەی شۆڕشێکی نوێی کوردایەتی هاوچەرخ بێت.
ئێتر بەرەو پێشەوە....
بەرەو سەرکەوتنی ئیجگارەکیی کوردستان
* بـەرەو ئـازایـی ئەقڵی مـرۆی کـورد و سـەرفرازیی سـەرتـاسـەری کوردستان، یەک کوردستان
* سەربەرزی و نەمریی بۆ تێکڕای شەهیدانی کورد و کوردستان.

**سوپاس....**
**مومتاز حەیدەری**
**سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری**
**K٢١ و لـەیلا قاسم – لـەیلا زانا**
**٢ی ڕێبەندان – ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان**
**٢٠١٦/١/٢٢**
**هەولێر – کوردستان**

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان

**بەردەوامیی پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەستەبەری بە ئاکام گەیشتنی خەباتی ٧٠ ساڵەی ئەم حیزبەیە**

## پەیامی کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامان، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنگران و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات!

**تێکۆشەرانی دڵسۆز و فیداکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

هـەروەک دەزانـن بـزووتـنـەوەی ڕزگـاریـخـوازیـی گـەلـی کـورد لـەم بەشە لە کـوردسـتـان‌دا، لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی خۆی‌دا، قۆناغ و هەلومەرجی جۆراوجۆری دیتوە و هەورازو نشێوی زۆری بڕیوە.

ئەم گەلە، ئێستا هـەروەک پێشوو، بگرە زۆرتریش چاوی هیوای بڕیوەتە خەباتی کۆڵنەدەرانە و هەمە لایەنەی ڕۆڵـە خـەبـاتـکـارەکـانـی خـۆی، کە بێ‌گومان ئێوە ڕۆڵە دڵسۆز و فیداکار و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لـەمـبـوارەدا ئـەرکـی قـورسـتـرتـان دەکەوێتە سەرشان.

کۆنگرەی «حەفتا ساڵ تێکۆشان»، کۆنگرەی ١٦، وێـڕای ڕێزگرتن لە خـەبـات و تێکۆشانی ڕابـردووتـان، چـاوەڕوانـە کە لـەمـەبـەدواش هـەروا فیداکار و پارێزەری خاک و خەڵک و نیشتمان بن و پاڵپشتێکی بەهێزیش بن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

حـیـزبـی ئـێـمـە، خـەبـاتـی هـەمـە لایـەنـەی ئێوە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان بە هیچ جۆر لە خەباتی نەپساوەی خۆی جیا ناکاتەوە و خۆشی بە پشتیوان و پاڵپشتی خەباتی ئێوە لە نێوخۆی وڵات دەزانێ. سەرکەوتنتان ئاواتی ئێمەیە.

**کۆنگرەی شازدەیەمی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**ڕێبەندانی ١٣٩٤ (فێوریەی ٢٠١٦)**

--------------
----------
------

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستنا بۆ ئەنترناسیونالی سۆسیالیست

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**هاورێیانی بەڕێز**

لە لایەن ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و، هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەنترناسیونالی سۆسیالیستەوە سڵاوی گەرمی هاورێیانەی خۆمان بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەی شانزدە ئاراستەی حیزبەکەتان دەکەین.

ئەنترناسیونالی سۆسیالیست سەکۆیەکی هاوبەشە بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و مافەکانی خەڵک لەناوچەی ئێوەدا و ئەوەش لەڕێگای هاوکاری وپشتگیری بەمەبەستی گۆرانی دورە دیمەنی سیاسی و لابردنی ستەم و سەرکووت و هەنگاو هەلێنانەوەیە بەرەو دێموکراسی و ئاشتی.

هەر بۆیە ئێمە تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دەور و رۆلی ئەو حیزبە وەک ئەندامی ئەسڵی رێکخراوی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەرز دەنرخینین.

ئەمرۆ بەدڵنیایەوە دەڵێین ئێمە هاوخەباتتانین و پشتیوان و هاورێی ئێوەین و هاندەرتانین، هەتا ئێوە بتوانن بە وڕەیەکی بەرز و لێبراوانە هەموو بریارەکانی کۆنگرەی خۆتان جێ بەجێ بکەن.

خەڵکی کورد لە ئێران وەکوو هەموو خەڵکانی ئەم جیهانە مافی رەوایانە کە رێزیان لێ بگیرێ، دەنگیان ببیسرێ، و ماف و ئازادیەکانیان بپارێزرێ.

لە تێکۆشانی حیزبی ئێوە بۆ دەستەبەر کردنی ئامانج و پرینسیپەکانی بزوتنەوەی سۆسیال دێمۆکراسیماندا، ئێمە بە یەکەوەین و شان بە شانی یەکتر داوای داهاتوویەک دەکەین کە لە بەرنامەی هاوبەشمان دایە و هەنگاو دەنێین بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجانە.

**ڕێز و حورمەتی برایانە**
**لوئیز ئەیالا**
**سکرتێری گشتی**
**(ئەنترناسیونالی سۆسیالیست)**

# پەیامی کۆمەڵە (کۆمیتەی ناوەندی) بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڕێزان: ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**
**وێڕای سڵاوێکی گەرم،**

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی شازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

**بەڕێزان!**

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە کوردستانیشەوە، گیرۆدەی دەسەڵاتی رژیمێکن بە زەبری ئیعدام و ئەشکەنجە و زیندان دەسەڵاتی نارەوای خۆی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا درێژە پێدەدات. ئەمڕۆکە بازنەی دەسەڵات لەو رژێمەدا وەها تەنگ بۆتەوە کە تەنانەت جێگای گەلێک لە نزکترین یارانی تا دوێکە خۆشیانی تێدا نابێتەوە. جەماوەری خەڵکی کوردستان بە زەبری ئاگر و ئاسن سەرکوت کراون و سەرکوت دەکرێن و لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیان بێ بەشن. تەنانەت تا ئێستا هەرگیز، هیچکەس لە زمانی ریفۆرمەخوازەکانی ناوخۆی ئەو رژیمەشەوە، وشەیەکی سەبارەت بە حقانەیەتی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی مافە رەواکانی نەبیستووە. شۆڤێنیزمی ئێرانی ئاوێتە بە ئیسلامی سیاسی شیعە، جەوهەر و ناوەڕۆکی سیاسەت و کردەوەی هەموو باڵەکانی رژێم بووە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان، تەنانەت لە کاتێکدا کە توندترین ناکۆکیشیان لەناو خۆیاندا هەبووە.

بۆ ئێوە بەڕێزان بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە کە هەمووتان وێڕای خەڵکی کوردستان ئازارەکانی ئەو رژیمەتان بە گۆشت و ئیسقان چێشتووە، پێویست ناکات ئەو راستییە ساکارە دووپات بکرێتەوە. هەر بۆیە هیواداریین کۆنگرەکەتان بە راشکاوی هەڵوێستی لێبڕاوانە بەرانبەر بەو رژێمە رابگەینێ و ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ریزی ئۆپۆزسیۆنی سەرنگونی خوازی ئەو رژێمە دانەبڕێت.

دیسانیش پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەتان لێ دەکەیم.

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران**
**٥ی رێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی**
**رێکەوتی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٦ی زایینی**

مانەوەی سەربەرزانە و روو لە گەشەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قەرزداری وەفاداریی ئەم حیزبە بە ڕێگا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە

# پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**دەفتەری سیاسی**
**بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**بەڕێزان بەشدارانی شازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**لەگەڵ رێز و سڵاو**

بە بۆنەی بەڕێوەبردنی شازدەهەمین کۆنگرەی حیزبە خەباتکارەکەتان گەرم و گوڕترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین و هیوا دەخوازین کۆنگرەکەتان لە پێناو ئامانجەکانی حیزبی و هەروەها ستراتژی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بە دەسکەوت و سەرکەوتوو بێت.

**بەڕێزان!**

کۆنگرەی حیزبی ئێوە لە هەل و مەرجێکدا بەڕێوەدەچێ کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بووەتە مەیدانی شەڕ و ململانێیەکی کەم وێنەی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان. ناوی کورد و قارمانیەتیەکانی پێشمەرگە بەرامبەر بە تروریسمی جیهانی، هاوخەمی، هاودەنگی و پشتیوانیەکی بەرینی لە مافخوازی گەلی کورد لە دونیادا هێناوەتە ئاراوە. بە گشتی پێگەی کورد لە موعادلاتی سیاسی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە فاکتەرێک لە گوڕانکارییەکانی ناوچەکەدا.

لەم بارودۆخەدا بە دڵنیاییەوە هەر جۆرە هاودەنگی و یەک دەنگییەک لە پێناو بەرزکردنەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن حیزبە سیاسیەکانیەوە دەتوانێ هیوابەخش بێت لەسەر ورە و تێکۆشانی بەرینی جەماوەری خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات و هەروەها سەرنج و پشتیوانی جیهانیان بۆ پرسی کوردی رۆژهەڵات پەرە پێبدات و دەنگیان لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەرزتر بکاتەوە. بە حەق چاوەڕوانی لە هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەڵات لەم کاتەدا هەوڵ دانە بۆ بەکارهێنانی میکانیزم و رێگاچارەی شیاو لە ئاراستەی یەک خستن و پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی و یان هەر گەلاڵە و شێوازێکی دیکەی کاری هاوبەش لەسەر بناغەی ستراتیژی «رۆژهەڵات تەوەری». هیواداریین کە لەم رێگایەوە پێکەوە بتوانین هیوا و ورەیەکی زیاتر ببەخشینە بزوتنەوەی بەرحەق و عەداڵەتخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات. بێ گومان بەستنی کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیاری وەکوو ئێستادا دەتوانێ هەلێکی گونجاو بێت بۆ جەخت کردنەوە لەسەر هێنانە ئارای وەها گەلاڵەیەک و هەروەها هەنگاو هەڵهێنانی عەمەلی بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکە مێژوویی و هەنووکەییە پرسی کورد لە ئێران.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەین و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران**
**٤ی رێبەندانی ١٣٩٤**

# پەیامی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ژاپۆن بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هاورێیانی خۆشەویست**

لەو کات مێژووییە دا ، پیرۆز بایی گەرمی خۆمانتان پێشکەش دەکەین سەبارەت بە گرتنی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.

مادام حیزبی دێمۆکرات وەک ئەندامی تەواوی رێکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال وەرگیراوە، هاوکات پیرۆزبایی خۆمتان پێشکەش دەکەم سەبارەت بەو سەرکەوتنە.

حیزبی ئێوە لە دوای دامەزرانی لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە زۆر قۆناغی سەخت و دژواردا تێپەر بووە و خەباتی بۆ گەلی کورد کردووە کە گەورەترین نەتەوەیە لە دونیادا کە دەوڵەتی خۆی نییە. ئەو هەموو تێکۆشان و خەباتەی حیزبی ئێوە مافی خۆیەتی و دەبوو کۆمەڵگای نێودەولەتی ئاوروویەکی جیددی تری لێداباوە و زۆرتری سرنجی دابایە.

هیوادارم حیزبە کەتان لە کۆنگرەی ١٦ی خۆیدا دەسکەوتی بە نرخ و گەورە مسۆگەر بکا و بتوانی بۆ کورد و داهاتووی کورد و خەڵکی ئەو ناوچەیە ئاڵوگۆری باش و دڵخوازی لێ بکەوێتەوە.

خوازیاری هاوکاری و پێوەندی باش ویەکگرتووبین لە داهاتوو دا بە پیی ئامانجەکانی سۆسیال دێمۆکراتیک.

**ماتایجی سێیجی**
**سکرتێری گشتی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ژاپۆن**
**٢٠ی ژانویەی ٢٠١٦**

# پەیامی حیشمەتوڵا تەبەرزەدی بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەرێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک خالید عەزیزی!**
**ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی!**

ئەم شانازییەم بە نسیب بوو کە ئەوپەڕی پێخۆشبوونی خۆم بە بۆنەی بەڕێوەچوونی شازدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان رابگەیەنم، پیرۆزباییتان پێ بڵێمو لە گۆڕەپانی خەبات بۆ ئازادیو دێموکراسیدداوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**جەنابی کاک خالیدی عەزیزی و دۆستانی بەرێز لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا!**

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی دۆخی رەشی سیاسی، قەیرانی ئابووریو بارودۆخێکی نالەباری فەرهەنگیی بەسەر خەڵکو وڵاتدا سەپاندوە. ئەم هەرجو مەرجەی نێوخۆی وڵات وەک پێکهاتەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی پڕ لە کەمایەسی، بەرهەمی سەردەمێکی دوورو درێژی ئیستبدادی دینییە کە بەداخەوە توانیویەتی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا شوێندانەریی نەرێنی لە سەر کۆی بەرهەڵستکارانی رێژیم کە بە ئۆپۆزیسیۆن ناسراون، دابنێو؛ تووشی قەیرانی فیکری- سیاسی، یەکنەگرتوویی‌و پرش‌و بڵاوی و لە ئاکامدا نەبوونی یەکیەتی‌و یەکگرتووییان بکا.

بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات زۆی هەوڵ داوە بۆشایی حزووریی هێزە دێموکراتو دێموکراسیخوازەکان پڕبکاتەوە.

ئەمن زۆر خۆشحاڵم کە حیزبی ئێوە شازدەیەمین کۆنگرەی خۆی بەرێوە دەبا، ئەم کارەی ئێوە دەبێتە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستانی ئێرانو هەموو خەڵکی ئێران کە مزگێنیی پێداگری ئێوە لە خەباتی سیاسیتان لەم قۆناغە نوێیەدا بە دژی ستەمو زۆرداری لە ئاستی سەرانسەریدا، پێیە.

حزووری چالاکانەی حیزبی ئێوە لە کومیتەی هاوبەشی هەماهەنگی لە کردەوەدا، دەبێتە پاڵنەرو هاندەرێک بۆ حزووری حیزبو رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی. پرۆسەی گەیشتن بە رێککەوتن و یەکیەتی، تەنیا مەبەستێکە کە بەرەکەمان لە نێوخۆو دەرەوە پێداگری لەسەر دەکا. من بەرەی دێموکراتیکی ئێران بە هاوپەیمانی ئێوهو حیزبی ئێوە بە هاوپەیمانی بەرەی دێموکراتیکی ئێران دەزانمو داوای پێداگری لەسەر کاری هاوبەش دەکەم.

بۆ جارێکی دیکە بەرێوەچوونی شازدەیەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان پیرۆزبایی پێدەڵێمو بۆ ئێوە و خەڵکی کوردستانی ئێرانو هەموو نەتەوەکانی بندەستی ئێران ئارەزووی ئازادی دەکەم.

**حیشمەتولای تەبەرزەدی**
**سکرتێری گشتیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران**
**ئێران- تاران**
**٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی**

# پەیامی حیزبی چەپی سۆئێد بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سڵاو بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

لە لایەن حیزبی چەپی سۆئێد سڵاوی گەرمی خۆمان پیشکەش بە کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەکەین.

لەو کات و ساتە هەستیار و پر مەترسییەدا، ئێمە هەم پێویستە هۆمێد و هیوامان بە هەموو ئەوانەی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد لە چەندەین وڵاتدا خەبات دەکەن، زیندوو راگرین و هەم زۆرتر لە هەموو کات پێویستیمان بە یەکدەنگی و هاوخەباتی هەیە. ئێمە هەمیشە بە یەکەوە دەتوانین دەسکەوتی گەورەتر مسۆگەر بکەین.

ئێمە لە حیزبی چەپی سۆئێد خەباتی خۆمان بۆ پشتیوانی لە پرسی کورد لە ساڵی ١٩٧٧وە دەست پێکردووە کاتێک کە نوێنەرێکی حیزبی ئێمە لە پارلمانی سۆئێد هەوەلین پێشنیاری نوسراوەیی سەبارەت بە مەسەلەی کورد و مافی گەلی کورد لە پارلمانی سۆئێد هێنایە بەرباس.

ئەورۆ ، ئەو پرسە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی رۆژەڤی کاری ئێمەیە لە گۆرینی سیاسەتی دەرەوەی سۆئێددا.

هاورێ دەگەڵ سۆز و رێز و هیوای سەرکەوتوویی بۆ کۆنگرەکەتان.

**لۆتا جانسۆن و ئان کاترین لەندستروم**
**بەرپرسی بەشی نێونەتەوەیی پارتی چەپی سۆئێد**
**٢٧ی ژانویە ی ٢٠١٦**

# پەیامی حیزبی یەکێتی کورد لە سووریا بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هەڤاڵانی ئەندام و نوێنەرانی کۆنگرەی شازدەهەمین حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**لەگەڵ سڵاو و رێز..**

برایان و خوشکانی ئەندام و نوێنەرانی کۆنگرە سڵاوێکی گەرمی خەبات و تێکۆشانتان لیبێت ریزمان بۆ خەباتی گەلەکەمان هەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پیرۆزبایی لە خۆڕاگری و خەباتی ئێوە دەکەین لە رووی سیاسەتی تاوانکارانەی رژێمی ئێران.

ئێمە لە کاتێکدا کاروانی خەباتی ئێوە بەرز هەڵدەسەنگێنین سەری رێز و نەوازیشیش بۆ شەهیدان و قوربانییەکانی ئێوە دادەنەوێنین ولامان رونە هەر دەرئەنجامەکەی سەرکەوتنی گەلەکەمانە.

هیواداریین کۆنگرەکەتان سەرکەوتو بێت لە کارەکانیدا و بڕیار و راسپاردەی گرینگی هەبێت لە پێناوی سەرفرازی و سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان و رزگاربوون لە ستەم و زۆرداری رژێمی سەرکوتکار و دژ بە مافەکانی گەلەکەمان و مافەکامی مرۆڤ.

**نوێنەرایەتی حیزبی یەکێتی کورد لە سووریا**
**لە هەرێمی کوردستان**

کوردستان
ژمارە: ٦٧٤
٥ی ڕەشەمەی١٣٩٤
٢٤ی فێوریەی ٢٠١٦



# بەڵێ "بەهار هەر دێ"

ئەمن ئەو بولبولەم بۆ نیشتمانی خۆم دەڵێم بەستان
چریکەم بانگی ڕابوونە و سروودم ئایەتی هەستان
لە گەڵ خاوەنهومێدان هاودەمم، دوورم لە دڵسستان
هەتا ماوم دەگورپڕێنم بمێنێ کورد و کوردستان
بە گوللەی دوژمنانی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان

سروشتی سازگاری نیشتمانم دلگر و تاکە
هەوای دڵپەروەری هەروەک دەروونی خەلکەکەی پاکە
گڵی وەک سورمە بۆ چاوی بە تاسەی ئاشقان چاکە
پشووی دوایم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەو خاکە
لە سایەی ئەو گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزاردەستان

گەلێک ئازادن ئەمڕۆ نین لە بەند و ڕەنج و ماتەم دا
گەلی من کۆیلەیە و ئێستاس لە گێژاوی تەم و خەم دا
چمان کردوە کە هەر ماوین لە نێو قۆناخی ئاستەم دا
لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی چەرخی بیستەم دا
سەرم سوڕ ما کە ئەسپی سووکە سواری کوردی بۆ وەستان

لە خەلکی دیکە کەمتر نین بە دەست و ڕاپەڕ و ئیدە
هەمانن لاوی سوارچاکی بەئەزموون و گەڕاندیدە
ئەدی بۆ هەر بە ژێردەستی دەژین و دیل و ڕەنجدیدە؟
وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهاندیدە
خەتای سواران نەبوو، پێشسوارەکانمان قورس و ناوەستان

لەمێژە میللەتی کورد دیل و داماو و گرفتارە
بە کۆمەڵ قەڵتوبڕ دەکرێ، بە کۆ دەدرێ لە سێدارە
نیشانەی دەردی ژێردەستی بە ڕووی ئەو خەلکەوە دیارە
دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە؟
دەبێ ڕابین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕیزی سەربەستان

دەزانی کوردە دوژمن بۆی بڕەخسێ چت بەسەردێنێ؟
بە جارێ ماف و مێژوو و ناو و ناسنامەت دەفەوتێنێ
دە هەستن بنە ئەو لافاوە قورسەی کێو لەبن دێنێ
نەتان‌دیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر کاخی زۆرداری دەڕووخێنێ گڕی هەستان

بە تێکۆشان نەبێ نابڕێتەوە دەورانی دەرد و ئێش
درەنگە دەست دەنی خەلکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش
دەبێ چۆک دابدا ڕۆژێک لەبەرتان دوژمنی سەرکێش
هومێدێ بەرمەدەن ڕێگای خەبات بگرن، بڕۆنە پێش
تەماشای خەلکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆری چۆن وەستان

بەکۆ دەبرێنە ژێر داری نەمان کیژ و کوڕوکاڵم
هەموو دەشت و چیای کێلاین بە تۆپ و بۆمبی ناپاڵم
بەسە تاکەی لە دەست دەم کۆمەڵی دۆستان و ئاواڵم
هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دوژمنی زاڵم
پڕاوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل، جمەی بێ وا لە دەسبەستان

گەلۆ کورد بۆ دەبێ هەر دەسبەسەر بێ و بێبەش و داماو
لە ماڵی خۆی بژی بێ‌دەستەڵات و دیل و دەسبەسراو
لەبەر چی دایکی کورد هەر ملبەکوێن بێ و مات و دڵسووتاو
هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی براکوژراو
لە جێی بادەو لەبەزمی دوژمنان بدرێتە دەست مەستان

چمان ناداتێ سستی، ناهومێدی و ترس و بێوازی
وەلانین خۆکوژی، کێشە، دژی‌یەکبوون و ناسازی
لەپێناو سەربەخۆیی کوردو ژینی پڕ لە شانازی
مەوەستن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ‌وچانە تاقە یەک کەستان

بەڵێ مێژووی وڵات و خەلکی ئێمە پڕ لە ئازارە
کەسیش نایە لە خۆڕا زامی دیلیمان بکا چارە
سپێدەی ڕاپەڕینە ڕادەماڵێ ئەو شەوە تارە
سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لە پاش زستان

بە سەرکەوتن دەگا ئەو میللەتەی ڕۆژێ دە خۆی ڕادی
لە جێی ئەستووری دا دەپسێ قەفی زنجیری بێدادی
بە دوای شینی شەهیدان دا دەبێ بێ سەردەمی شادی
بە خەڵکی عالەمی سەلماندوە تاریخی ئازادی
دەبێ زاڵم لە بەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان

**پێنج‌خشتەکییەکی"مامۆستا ئاشق"، لە سەر غەزەلی "بەهار هەر دێ"ی "مامۆستا هێمن"ی نەمر،**
**کە لە لایەن شاعیرەوە لە ڕێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 674 24 Feb 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کاک حەمەدەمین شەشە، کەسایەتیی بەناوبانگی حیزب لە شاماتی مەهاباد کۆچی دوایی کرد

به پێی هەواڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە، ٤ ڕەشەممە پاش ماوەیەک بەربەرکانی لە گەڵ نەخۆشیی دڵە پڕ لە ئاواتەکەی کاک حەمەدەمین شەشە، لە لێدان وەستا.

کاک حەمەدەمین شەشە دوای ڕووخانی کۆمارە ساواکەی کوردستان، لە ساڵی ٢٨ ی هەتاوی‌و لە تەمەنی ٢٠ ساڵی‌دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و تا سەری نایەوە، وەفادار بە ڕێبازی دێموکڕات بوو.

کاک حەمەدەمین شەشە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی شامات‌و چۆمی مەجید خان لە ساڵی ١٣٣١هەتاوی دابوو، ڕاپەڕینێک کە بە هۆی زۆرداری دەسەڵات‌و نابەرانبەری هێز شکستی هێناو بنەماڵەی ئەوان مەجبوور بە کۆچی زۆرە ملی‌و ژیانێکی سەختر کران؛ بەڵام لە خەبات و تێکۆشان هەنگاویان شل نەبۆوە.

ئەو تێکۆشەرە کوردە دوو جار کەوتە زیندانی حەمەڕەزا شا و جاری دووهەم بۆ ماوەی چوار ساڵ‌و نیو لە زیندان‌دا مایەوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی کاک حەمەدەمین ماوەی چەند ساڵ ئەندام‌و بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شارویرانی مهاباد بوو کە دوایە بەهۆی چوونە سەرێی تەمەن بە ڕەزامەندیی حیزب چۆوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام لە هەموو ئەو ماوەیەی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی یەکێک لەکەسایەتی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکانی جێگای باوەڕو متمانەی خەڵک بوو.

هەر بەم بۆنەیەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕەدا کە پێش‌نیوەڕۆی چوارشەممە، ٥ی ڕەشەممە بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات، کاک خالید عەزیزی، ئەندامانی ڕێبەری‌و سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، ڕێز لە دەیان ساڵ تێکۆشان‌و خزمەتی خوالێخۆشبوو کاک حەمەدەمین شەشە بە نەتەوەکەی‌و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نرا.

لەو کۆڕەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە سەر ڕۆڵی کاک حەمەدەمین شەشە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەشداران دوا.

مامۆستا حەسەن‌زادە لە سەرەتای قسەکانیدا گوتی: ئەگەر کاک حەمەدەمین شەشە بۆ بەرەی لاوی کۆمەڵگاو تێکۆشەرانی دێموکڕات وەک " سەربازی ون" دێتەبەرچاو؛ بەڵام تێکۆشەرانی بەڕابردووی حیزب‌و خەڵکی ناوچەکانی شامات‌و شارویرانی مەهاباد دەزانن کە ئەو چ خەباتکارێکی بەوەج‌و چ تێکۆشەرێکی دڵسۆزو نەسرەوتووی نەتەوەکەی بوو. ئەو ئەگەر لە سەرەتاکانی دەسپێکی ژیانیی سیاسیی خۆیدا ئەگەرچی بە ڕواڵەت نەخوێندەوار بوو، بەڵام عونسوری هەرە چالاک و هەڵسوڕی مەیدانی خەباتی حیزبی دیموکڕات لە ناوچەکەدا بوو.

مامۆستا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی ڕۆڵ‌و قورسایی کاک حەمەدەمین شەشە لە ڕاپەڕینی جوتیاریی موکریان لە ساڵی ١٣٣٢و ڕاپەڕینی چەکداریی حیزبی دێموکڕات لە ساڵەکانی ٤٧-٤٦ ی کرد کە دوای هەردووک ئەو ڕاپەڕینانە کاک حەمەدەمین شەشە کەوتە زیندانەوەو؛ ئەگەر بۆ یەکەمیان



زیاتر لە ٣ مانگ بەندکرا، بەڵام جاری دووهەمیان زیاتر لە ٤ ساڵ‌و نیو خرایە زیندان.

مامۆستا حەسەن‌زادە لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە تێکۆشانی سیاسیی کاک حەمەدەمین شەشە لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کردو گوتی: ئەوەی کاک حەمەدەمین شەشە لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە کۆمیتەکانی شامات‌و شارویرانی حیزبی دێموکڕات‌و، پاڵپشتیی



هێزی پێشمەرگەو یارمەتیدانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕو دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان کردوویەتی، بە کەم کەس دەکرێ؛ هەروەها ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە تێگەیشتن لە پێگەو قورسایی ئەو لە ناوچە بە کەمی وازیان لێ‌هێناو بە دەیان جار بانگکرایە ناوەندە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی بە چۆکی‌دابێنن، بەڵام قەڵای باوەڕی حەمەدەمین شەشە زۆر لەوە بەرزتر بوو بەو فشارو زەبروزەنگانە تێکبڕووخێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە بەشێکی دیکەی باسەکەی لەسەر کەسایەتیی نەمر حەمەدەمین شەشە، گوتی:



ئەو تێکۆشەرە ماندوونەناسە پێش هەموو شتێک ئولگوویەکی باش بوو بۆ کوڕەکانی، وەک دەبینین کوڕێکی بەناوی بارزان کە لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتدا شەهید بووەو سەلاح شەشە، کوڕێکی دیکەی کاک حەمەدەمین شەشە ناوێکی درەوشاوەیە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا. هەموو ئەوانەش کەسایەتییەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی بەهێزیان لەو ئەو دروست کردبوو تا ئەو جێیەی کە بۆ خەڵکی ناوچەکە ببوو بە مەرجەع‌و، زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیی خەڵک بێ ئەوەی بچێتە دادگا لەسەر دەستی ئەو چارەسەر دەکران.

مامۆستا حەسەن‌زادە قسەکانی بەوە کۆتایی پێ‌هێنا کە بەو هیوایەی ژیانی کاک حەمەدەمین شەشە سەرمەشقی خەبات‌و تێکۆشان بۆ هەموومان، بەتایبەت نەوەی نوێ‌و لاوی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕەدا پەیامی پێزانینی بنەماڵەی کاک حەمەدەمین شەشە لەلایەن کاک سەلاح شەشە، کادری بەوەجی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و کوڕی خوالێخۆشبوو کاک حەمەدەمین شەشە خوێندرایەوە کە لەلایەن کاک خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە پێشکێش بە بەشدارانی کۆڕەکە کرا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک حەمەدەمین شەشە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری کاک حەمەدەمین، خەڵکی شاماتی مەهاباد‌و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا.

یادی کاک حەمەدمین و هەموو نەمرانی ڕێی ئازادی و مافی نەتەوەیی بەرزو بەڕێز بێ.

## بەر لە ماڵاوایی

## ڕۆژێک بۆ وەدەنگهاتن لە ستەم و سەرکوتی زمانی



قادر وریا

٢١ی فێوریە، لە مێژ ساڵە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کراوە.

بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەست‌و سەرکوتێک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێنن‌و دەنووسن، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژن‌و شادینواندن‌و شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوەو ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێنن‌و لە داموو دەزگای ڕەسمی‌و دەوڵەتی‌و زانستی دا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتاو ڕۆڵێکی دیکەی هەیە. بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیان‌و زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافی‌و ستەملێکراوییەکانیان‌و، ڕۆژی دەنگهەڵبڕین دژی هەڵاواردن‌و بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتن‌و ئازادژیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نین‌و هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوەو دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشی‌و بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، خاوەنی هەر سیستەم‌و ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە نەتەوەیی‌و زمانیەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەر یەک سیاسەت‌و ڕوانین وگوتاریان هەیە. چ ڕێژیمی شایەتیی هەڵگری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی، بەشی نەتەوەکانی ئێران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێران، سەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکانی بە شارستانیەت‌و مێژووی وڵاتەکەو پێشەنگایەتیی ئێرانییەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی‌و زمانی‌دا، لە دواوەی هەموو وڵاتانی دراوسێی خۆشییەتی. هەموو ولاتانی دراوسێی ئێران کە لەوانیش دا، نەتەوەو زمانی جیاواز پێکەوە دەژین، ملیان بۆ بەرەسمی ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیان‌و قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە. لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستان‌و ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە. لە عێراق، دوو زمانی کوردی‌و عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی لە ئاستی هەموو عێراق‌دا ناسراون‌و زمانەکانی تورکمانی‌و ئاشوورییش لە شوێن‌و ناوچەی ژیانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکستان، دوو زمانی ئۆردووو ئینگلیسی، زمانی ڕەسمی‌و سەرانسەرین‌و زمانەکانی پەنجابی، بەلووچی، پەشتوون، سیندی‌و سرائیکی لە ئاستی ناوچەکان دا، بەرەسمی ناسراون. لە ئەفغانستان زمانەکانی دەری‌و پەشتوون هەر دوویان لە ئاستی وڵات‌دا، زمانی ڕەسمین‌و کۆمەڵیک زمانی دیکەش لە ئاستی هەرێم‌و ئەیالەتەکان دا، بە ڕەسمی ناسراون. وڵاتێکی دیاری دیکەی ناوچە کە دراوسێی ئێرانیشەو نەتەوەو زمانی جۆراوجۆری تێدایەو ساڵانێکی زۆر وەک ئێران سیاسەتی زاڵکردنی یەک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەداو سەرکوتکردنی نەتەوەو زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە، وڵاتی تورکیایە. بەڵام تورکیاش ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتووەتە بەرو چاوەڕوان دەکرێ ئەم کێشە دێرینەیە بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەکانی یەکیەتیی ئورووپا کە تورکیە لە مێژە هەوڵی پەیوەستبوون بەوانی هەیە، چارەسەربکا.

ڕێژیمی ئێران، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەی لەمێژینەی سەرکوتی نەتەوەیی‌و زمانی لە نێو ئەو وڵاتەکەی‌دا، کە بەردەوام سەرچاوەی ناکۆکی‌و شەڕو ئاڵۆزیی نێوان نەتەوە بندەستەکان‌و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بووە، هەتا ئێستاش هەر لە سەر سیاسەتی ئینکارو هەڵخەڵەتاندن‌و خۆبواردن دەڕوا. تەنیا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان‌دا بەربژێرەکانی سەربەو ڕێژیمە سووکە ئاوڕێک لەو کێشەیە دەدەنەوە، ئەویش نەک بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرو دابینکردنی ویستی لە مێژینەی نەتەوە بندەستەکان‌و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە، بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگ‌و بۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان بە قازانجی سەرکەوتنی خۆیان. ئەوە کە دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە، ئاوڕدانەوەو بایەخدانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و پارلمانی لە پرسە نەتەوەیی‌و زمانییەکان، دەکەن بە مەرج‌و پێوەرێک بۆ هەڵویستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکان‌دا، شتێکی دروست‌و لە جێی خۆی دایە. بەڵام ئەوە کە دوای هەڵبژاردنەکان، هەم ئەوانەی بەم ناوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتووەو هەم ئەو دەنگدەرانەی بە نیازی پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی نەتەوەیی‌و زمانیی دەسەلاتی وڵات دەنگیان داوە، بەڵێن‌و چاوەڕوانیی خۆیان لە بیر دەبەنەوە، شیاوی توندترین ڕەخنەن. سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیس‌و هەر کەسێک لە هەر ناوەندێکی قانووندانان‌و سیاسەتدانان‌و بەڕێوەبەرێتیی وڵات‌دا، ئەگەر پێشتر هیچ دروشم‌و بەڵێنێکیشیان لە بارەی پرسێکی گرنگی وەک سەرکوت‌و هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی نەدابێ، لە ئاست کێشەو گرفتە لەمێژینەکان‌و داواڕەواکانی خەڵکی وڵات‌دا،هەر بەرپرسیارن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستەکە، وەک سەرکۆماری ئێستا بە بەڵێنی دابینکردنی بەشێک لە مافە پشتگوێخراوەکان، زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێران‌دا کۆ کردبێتەوە، بەرپرسیارەتیەکەی لە ئاست پرسی نەتەوەیی‌و زمانی، زۆر زیاترو، هەر بەم پێیە لە بیربردنەوەو خۆلێبواردنیشی، شتێکی زۆر قورس دەبێ.

**

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەیی‌و، سەرکوت‌و هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی بە سەر خەڵک‌دا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران، مایەی نەنگ‌و شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەوڕووی ئەو جۆرە بێبەشی‌و ستەم‌و هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمەو ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانی‌و پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمان‌و شوناسی نەتەوەییمان.

لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک‌دا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیان‌و زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوت‌و هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و زمانی لە ئاستی ئێران‌دا، بێدەنگ و بێهەلویست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە سەختترین هەلومەرجەکانیش‌دا، ساتێک لە پاراستن‌و خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین.